# هەڵوێستی ئیدارەی جیمی کارتەر لەبارەی هەڵگیرسانی جەنگی عێراق– ئێران ١٩٨٠
## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**نەهرۆ محەممەد عەبدولقادر**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**ئیمەیڵ:** Nihro.abdulqader@su.edu.krd

**خەلیل عەلی موراد**

بەشی مێژوو، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**ئیمەیڵ:** khaleel.murad@su.edu.Krd

**پوختە:**

دوای ڕووخانی ڕژێمی شا، سەدام حوسێن خراپی دۆخی ناوخۆی ئێرانی قۆستەوە بۆ پەلاماردانی ئەو وڵاتەو بەدیهێنی هەندێک دەستکەوت، هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە ئەو جەنگە نزیکەی هەشت ساڵ بخایەنێت. پێش ئەنجامدانی هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران، سەدام و بەرپرسانی عێراقی دیداروکۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا هەبووە بەتایبەتی لە ئوردن،بۆیە ئەستەمە سەدام تاکلایەنە بڕیاری هێرشی دابێت بەبێ ڕەزامەندی ئەمریکا، هەرچەندە بەرپرسانی هەردوولا ئەمە ڕەتدەکەنەوە.

سەدام ناکۆکی ئەوکاتەی نێوان ئێران و ئەمریکای قۆستەوە بۆ ئەوەی خۆی وەک پاسەوانی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بسەلمێنێت بەوەی دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی واشنتن بپارێزێت. پەلاماری ئێران لەلایەن عێراقەوە ئەگەر بە دەستی ئەمریکا نەبووبێت بەڵام بەدڵی بووە، بۆئەوەی گوشاری زیاتر بخرێتە سەر ئێران، بەتایبەتی لەبارەی قەیرانی بارمتە ئەمریکییەکان لە تاران کە لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩دەستیپێکرد، ئێرانیش خۆ وەک دووژمنێکی سەرسەختی ئەمریکا وێنا دەکرد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ئەگەرچی سەرەتا ئیدارەی جیمی کارتەر بێلایەنی خۆی لەو جەنگە ڕاگەیاند داوای دەستبەجێ وستاندنی کرد، بەڵام لەژێرەوە هاوکێشە پێچەوانە بوو بگرە هاوکاری عێراقی دەکرد، پێش دوومانگ لە بەرپابوونی جەنگیش بڕیاری ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و واشنتن درابوو. بەڵام لەبەر ئەو جەنگە ڕاگەیاندنەکەی دواخرا تاوەکو هیچ لێکدوانەوەیەکی دیکەی بۆ نەکرێت.

ئەمریکا لە ڕێگەی ئەو جەنگە دەیویست ژێرخان و تواناکانی هەردوو وڵات لەبەین بەرێت، بۆ ئەوەی نەتوانن وەک دوو هێزی گەورە لە ناوچەکەدا دەرکەون، بۆیە لە ژێرە و لە ڕێگای وڵاتی سێیەمەوە لەگەڵ هەردوولا لەسەر خەت بوو چەکی پێدەدان، تەنانەت پێشتر ئێرانی لە پەلاماری عێراق ئاگادارکردەوە. هەرچەندە دوای دەستپێکردنی ئەو جەنگە تەمەنی ئیدارەکەی جیمی کارتەر چەند مانگێکی تێپەڕنەکرد و لە هەڵبژاردنەکان بە ڕۆناڵد ڕیگنی دۆڕاند و ئیدارەیەکی نوێ لە ئەمریکا لە ٢٠ کانوونی دووەمی ١٩٨١ هاتە سەرکار و دەستبەرکاربوو.

**وشە کلیلییەکان:** عێراق، ئێران، ئەمریکا، جەنگ، جیمی کارتەر، سەدام حوسێن.

## پێشەکی

پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو عێراق جێگەی هەڵوەستەو مشتومڕە بە درێژایی قۆناغە جیاجیاکاندا،یەکێک لەو وێستگانە جەنگی عێراق- ئێرانە (١٩٨٠-١٩٨٨) ، لەو سۆنگەیەدا ئەو توێژینەوەیە هەوڵدەدات لەبارەی هەڵوێستی ئیدارەی جیمی کارتەر (١٩٨٧-١٩٨١) بکۆڵێتەوە لە دەستپێکی جەنگدا. بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا لەو پرسەدا، لەنێوان بێ ئاگایی ئەمریکا و دەست هەبوون و هاندانی عێراق بۆ ئەوەی پەلاماری ئێران بدات. توێژینەوەکە ئامانجییەتی هەڵوێست و ڕۆڵی ئیدارەی کارتەر ڕوون بکاتەوە، پاڵپشت بە سەرچاوەی دانسقە و ئەکادیمی.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سێ تەورە و پوختەیەک لە تەوەری یەکەم بە خێرایی پڕژاوەتەسەر گرنگترین وێستگەکانی پەیوەندیی نێوان عێراق و ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٧ تاوەکو دەستپێکی بەرپابوونی جەنگ لەساڵی ١٩٨٠ کە لەماوەیەدا پەیوەندییە فەرمییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات پچڕاوە تاوەکو ساڵی ١٩٨٤ بە فەرمی ئاسایی دەبێتەوە. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی وهاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات لەگەڵ زەمینە وهەڵوێستە سەرەتاییەکانی ئەو جەنگەو پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا پێش جەنگ. تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە هەڵوێستی فەرمی و شاراوەی ئەمریکا سەبارەت بەرپابوونی ئەو جەنگە. چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ ئەو پێشهاتەو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی واشنتن لەناوچەکەدا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ئەو توێژینەوە شیلگیرانە بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە و پاڵپشت بە دۆکیۆمێنێت و سەرچاوەی دانسقە و جیاواز بە زمانەکانی ئینگلیزی،عەرەبی، فارسی و کوردی هەوڵدەدات لەو بابەتە بکۆڵێتەوەو وەلامی ئەو پرسیارە بداتەوە. دیارترین سەرچاوەکان بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا :

Foreign Relations Of The United States,) 2015 (,1969–1976 Volume XXIII, Arab –Israeli Dispute, 1969–1972, Department Of State Washington , United States Government Printing Office Washington.

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لیوالیێون لە بەڵگەننامەی گرنگ و دانقسە و زانیاری گرنگیان لەخۆگرتووە و سووریان لێوەرگیراوە.

لەبارەی سەرچاوەی کوردییەکانیش چەندین سەرچاوە سوودی لێوەرگیراوە لەوانە: عزەتی (د) عزەت اللەی،) ٢٠١٣ (،کوردستان لە لێکۆڵینەوەی جیوپۆلەتیکی ئێران و عێراقدا، وەرگێرانی لە فارسییەوە: هاوڕێ یاسین محەمەدئەمین، پێداچوونەوە:د. جەزا تۆفیق تاڵیب،چاپی یەکەم،سلێمانی،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. عەبدوڵلا،هاوار کەمال میرزا (٢٠١٣) ،سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە سەردەمی ئیدارەی جیمی کارتەر ١٩٧٧-١٩٨١ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە) ،چاپی یەکەم،سلێمانی، چاپخانەی کەمال. کە زانیاری پڕ باخیان لەوبارەوە تێیدایە کە راستەوخۆ پەیوەندی بەباتەکە هەیە.

جگە لەمەش سەرچاوە ئینگلیزییەکانیش بەشێکی گرنگ و بایەخداری توێژینەوە پێکدەهێنن کە لە بەشێکی دیکەدا تیشک خراوەتە سەر هەڵوێستی ئەمریکا لەو جەنگەدا.

Ganji , Babak ,) 2006) , Politics of Confrontation/ the Foreign Policy of the USA and Revolutionary Iran ,London ,Tourist Academic Studies. Yetiv ,Steve A. , (2008) ,The Absence of Grand Strategy The United States in The Persian Gulf 1972-2005, USA, The Johns Hopkins University Press.

هەر لەو توێژینەوەیەدا ژێدەرە عەرەبییەکان، یاخود ئەوانە لەزمانەکانی دیکە وەرگیراون بۆ سەر زمانی عێراقی بەشێکی دیکەی سەرچاوەکانن کە لەو توێژینەوەیەدا سوودی زۆریان لێبینراوە،زانیاری دانسقەیان تێدابوو. محمد (د) ،علي سبتي (١٩٨٧) ، دراسات في الحرب العراقية الايرانية،بغداد، دارالحرية للطباعة. ديب (د) ، كمال، (٢٠٠٣) ،زلزال في ارض الشقاق العراق ١٩١٥- ٢٠١٥، تقديم:د. جورج قرم، ط١، بيروت،لبنان،دار الفارابي. بارزي،تريتا، (٢٠٠٨) ،حلف المصالح المشتركة ( التعاملات السرية بين اسرائيل و ايران و الولايات المتحدة، ط١،بيروت، دار العربية للعلوم.

سەرچاوە فارسییەکانیش دیوێکی دیکە بابەتەکان بۆ ئەوەی وێنەکە لە دیوی ژێدەر فارسییەکانیش ڕوون بێتەوە، بەتایبەتی بەشێکی زۆریان ئاماژە بەوەدەکەن عێراق بە پشتوانی و چرای سەوزی ئەمریکا هێرشی کردووەتە سەر ئێران لەوانە: نوازی (د) ،بهرام، (١٣٨٣) ،الگوهای رفتاری ایالات متحدة امریکا درویاروی با جمهوری اسلامی ایرانی (١٣٥٧- ١٣٨٠) ،تهران،مرکز اسناد انقلابی اسلامی. تهامی، سید مجتبی و گل محمد بهمنی وفتح ا. . رسولی، (١٣٨٠) ، سیاست امریکا در قبال ایرانگی دوره جنگ تحمیلی،تهران، مرکز اسناد و تاریخ دیپلماسی انتشارات وزارت امور



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خارجه. تيمرين،كنت ار. ، (١٣٧٦) ،سووداگرى مرگ ناگفتەهاى جنگ عراق با ايران، ت: احمد تدين، چ٢،تهران، مؤسسه فرهنگى رسا.

یاداشتەکانیش بێبەشنین لەو توێژینەوەیەدا بەتایبەتی ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەو بابەتە هەیە لەوانە یاداشتی خودی جیمی کارتەر کە ڕۆژانە باسی ڕووداوەکانی کردووە و هەڵوێستەکانی یاداشت کردووە، بەڵام ئەمانە دیوی ئاشکرا ڕووداوەکانن نەک دیوەشارەواکەی. لەگەڵ یاداشتی زاڵمای خەلیل زاد وەک بەرپرسێکی ئیدارەی ئەمریکا. كارتر، جيمي، (٢٠١٣) ،مذكرات البيت الابيض، ترجمة: سناء شوقي حرب، الطبعة الثانية،بيروت- لبنان، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر. خەلیل زاد، (٢٠١٩) ،زاڵمای ،نێردە/ گەشتەکەم لە جیهانێکی پڕگێژاو لە کابول بۆ کۆشکی سپی،وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:زانەر محمد،خانەی چاپ بڵاوکردنەوەی چوارچرا،سلێمانی.

هەروەها سوود وەرگیراوە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەشێک بوون لە ڕووداوەکان لەوانە- چاوپێکەوتن بە تەلەفۆن لەگەڵ وەفیق سامەرائی کە ئەوکات بەرپرسی دۆسیەی ئێران بووە لە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا. جگە لەمەش سوود وەرگیراوە لە سەرچاوە ڕۆژنامە عێراقی و ئەمریکییەکان ئەوکات کە ڕۆژانە هەواڵیان لەوبارەوە بڵاوکردەوە، بەشێکی دیکەی سەرچاوەکانیش سوود لەو بەرنامەو پرۆگرامە تەلەفزیۆنیانە وەرگیراوە کە لەبارەی جەنگی عێراق ئێران کراون کە تێیدا باسی هەڵوێستی ئەمریکا کراوە کە چاوپێککەوتن لەگەڵ کەسانی پەیوەندار و بڕیار بەدەستی تێیدایە لە ئێران، عێراق و ئەمریکا.

بۆ شێوازی نووسینی توێژینەوەکە و ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکان، توێژەر لەبەر ڕێنمایی گۆڤار، شێواز و سیستمی هارڤاردی بەکارهێناوە،لەمەشدا لە ئاماژەکردن بۆ ناوی نووسەری سەرچاوەکان، ناوی سێیەمی وەرگرتووە و دواتریش ساڵی چاپ و ئینجا لاپەڕەی سەرچاوەکەی نووسیوە و ئەمەیان بۆ گۆڤارەکانیش ڕاستە،بەڵام بۆ ڕۆژنامەکان تەنیا ئاماژە بە ناوی ڕۆژنامەکە و ڕۆژی دەرچوونی کراوە و لاپەڕەکەی ئاماژەی بۆ نەکراوە. جگە لە وانەش بۆ دیمانەکان و ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت ناوی سێیەم لەگەڵ ڕۆژ و مانگی و ساڵدا ئاماژەی بۆ کراوە.

دیارە ئەم توێژینەوەیە لە کەلێن و کەموکوڕی بە دوور نییە، بۆیە دەخوازین بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و زانستیانە لێی بڕوانرێت و توێژەری لێ ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر و گونجاو بخرێتە بەر دیدی خوێنەران.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**یەکەم:چەردەیەک لە پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا لە ١٩٦٧-١٩٨٠**

شەڕی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا عەرەب-ئیسرائیل یەکێک لەو پێشهاتانە بوو پەیوەندییەکانی (١) عێراق و ئەمریکا) موراي،٢٠٠٥،ص ص٣٢-٣٣ (خراپ کرد ( Foreign Relation Of The United States, Volume xxiii, 2015:68) پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکای پچڕاند (United States, Volume xxiii, 2015, P 68) . هەڕەشەکانی عێراق بۆ سەر ئیسرائیل زیاتربوون (Trita Parsi, 2007:29) ) .

کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ بەسەر دەسەڵاتی عەبدولرەحمان عارف کرا، ئەمریکا بەهۆشداری لەو پێشهاتەی دەڕوانی و هەستیکرد ئەمانە دژایەتی "ئیمپریالیزم و سەهیۆنزم"دەکەن ( Foreign Relation Of The United States, Vol. xxi,) . ئەم سیاسەتە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکاوعێراق دانا) مەحمود،٢٠٠٧:٢٤ (، ئەمریکییەکان هەستیان بەو گۆڕانکارییەی عێراق کرد) حسين،١٩٩٨:٩٨ (. بەعسییەکان عەبدولسەلام عارف (١٩٦٣-١٩٦٦) سەرۆکۆماری عێراق-یان بە داردەستی CIA و عەبدولرەحمان بەزاز ( سەرۆکوەزیران لە سەردەمی عەبدولسەلام و عەبدولرەحمان عارف، ماوەی سێ ڕۆژ ١٣ تا ١٦ نیسانی ١٩٦٦بە نوێنەریەتی سەرۆک کۆمار بوو) ی بە بەکرێگیراوی ئیسرائیل لە قەڵەمدا، مەدحەد حاج ئەلسری دامەزرێنەرانی ئەفسەرانی ئازادیخوازیان بەوە تۆمەتباریانکرد سەرۆکایەتی گروپێکی کردووە بۆ CIA و مۆساد کاریکردووە بەوهۆیەوە لەسێدارەیاندا. لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ ئەحمەد حەسەن بەکر لە وتارێکدا هێرشی توندی کردەسەر ئەمریکاو ئیسرائیل شوێنکەوتنی ئەو وڵاتانەی بەخیانەتکار ناوبرد ) ديب،٢٠٠٣:١١١-١١٢ (.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٩دا لە گۆڕەپانی تەحریری ناوەڕاستی بەغدا بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا، چواردە کەس بە ئاشکرا لە سێدارەدران کە نۆ یان جولەکە بوون، هەڕەشەو هێرشی توند کرایە سەر ئەمریکاو ئیسرائیل و ئەوانەی سیخوریان بۆ دەکەن) موراي،٢٠٠٥:٣٣ (. بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئەمریکاو ئیسرائیل و ڕۆژئاوا چەندین بەرپرسی باڵای عێراقی دەستگیرکران (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:الكاشف،٢٠١٦:٤٠٢-٤٠٣) ژمارەیەک هاوولاتی ئەمریکا دەستگیرکران، واشتنتن ئەو هەنگاوەی ئیدانەکردو هەوڵی ئارامکردنەوەی ڕەوشەکەی دەدا ( Kiel, 2009:40) .

واشنتن هەوڵیدا پشتیوانی لە هەندێک لایەنی بەرهەڵستکار بکات بۆ گۆڕینە ئەو ڕژێمە لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ هەوڵی کودەتایەک لەلایەن ژمارەیەک ئەفسەر ئاشکرابوو ئەحمەد حەسەن بەکر، CIA و ئیسرائیل و ئەمریکا تۆمەتبارکرد هەوڵی ڕوخانی ڕژێمەکەیان دەدەن (ئینتیسار، ٢٠٠٣: ٩٨) . ڕیچارد نیکسۆنRichard Nixon (١٩٦٩-١٩٧٤) چەند مانگێک دوای کودەتاکەی بەعسییەکان لە ئەمریکا دەسەڵاتی گرتەدەست،ئەوکات پەیوەندی دیپلۆماسی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

نێوان بەغداو واشنتن پچڕابوو (بارزانی،١٩٩٨:٨٨) . لەكۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریكا لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦٩ نیكسۆن سەرۆكی ئەمریكا، عێراقی وەک بەكرێگیراو و داردەستی سۆڤیەت ناوبرد ( Foreign Relation Of The United States, Volume xxiii, 2015:164) لەو ماوەیەدا ئەمریكا لەڕێگەی باڵیۆزخانەی بەلجیكا لە بەغداو عێراقیش لەڕێگەی باڵیۆزخانەی هیندستان تێڕوانیەكانیان ئاڵوگۆڕ دەكرد (Kiely, 2009:-38) .

دوا بەدوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری) بۆ وورددەكاری دانووستانەكان و گفتوگۆكان بڕوانە: عەبدوڵلا، ٢٠٠٨:٣٩-٩٢) . ساڵی١٩٧٠ (New York Times, March 13,1970:10 . ) و داننان بە بەشێكی مافەكانی كورد لەلایەن بەغدا، ئەمریكا هەر زوو لەڕێگەی هاوپەیمانەكانی كەوتە جموجۆڵ و هەوڵی دیپلۆماسی، ئەوەبوو شای ئێران بەناوی خۆی و ئەمریكا كەوتە بەڵێندان بە بارزانی لە بەرانبەر هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێككەوتنە،بەڵام بارزانی ئەمەی ڕەتكردەوە ) نورەدینی، ٢٠٠٣:٩٩ ( تا دەهات پەیوەندییەكانی عێراق و یەكێتی سۆڤیەت بەرەو زیادبوون دەچوو تا گەیشتە ئەوەی لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢ ڕێككەوتننامەی دۆستایەتی هاوبەش واژۆ بكەن (Smolansky,1991:17) وەک كاردانەوەیەک لەبەرانبەر ئەو هەنگاوە ڕیچارد نیكسۆن سەردانی تارانی كرد لە كۆبوونەوەی لەگەڵ شای ئێران هێنری ئەلفرێد كێسنجەر Henry Alfred Kissinger وەزیری دەرەوەی ئەمریكا (١٩٧٣-١٩٧٧) نیگەرانی خۆی لەهەنگاوە تووندئاژۆكانی عێراق پێشاندا (دیشنەر،١٩٩٩:٢٣٥) ، هەردوولا بڕیاریاندا ڕووبەڕووی ئەو دۆخە ببنەوەو هاوكاری كورد بكەن لە دژی عێراق (بینغیو،٢٠١٤،ص٩٥؛عەبدولقادر، ٢٠٠٨ :١٩٥-١٩٦) . ئەمریكا بەگرنگییەوە لە نەوتی عێراقی دەڕوانی بە باشی دركی دەكرد سۆڤیەت چاوی بڕیوەتە ئەو نەوتەو هەرچەشنە ناكۆكییەكیش لە هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی دەقۆزێتەوە بەتایبەتی لەبارەی ئیسرائیل بەتووندڕەو میانڕەوە Foreign Relation Of The United (States,Volume xxiii,2015:111

لە دوای ڕێككەوتنی بەغداو مۆسكۆ بەماوەیەكی كەم لە پێشهاتێكی دیكەدا عێراق خۆماڵیكردنی نەوتی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢ڕاگەیاند ) لەبارەی چۆنییەتی و گرنگی خۆماڵیكردنی نەوت بڕوانە: حسین، ١٩٨٣) . ئەمەش ئەمریكییەكانی نیگەران كرد (العلوان،١٩٧٨:٣٦-٣٧) ، ترسیان هەبوو ئەو هەنگاوە بپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دیكە خاوەن نەوت (لەبارەی ئاڵەنگارییەكانی بەردەم ئەمریكاو نەوتی كەنداو لەوماوەیەدا بڕوانە:مراد،المجلد١٤،العدد١،١٩٨٢:١٣-٢٢) و كۆنترۆڵی نەوت لە دەستبدەن (حسین،١٩٩٨:٩٩) ، بۆیە عێراق بووە ئامانجی كارە نهێنییەكانی دەزگای هەواڵگری ئەمریكا (كالرک، ١٩٩٣:٢٤) . كۆتایی بەم دوو دڵیە هێنا لە هاوكاریكردنی كورد و هەوڵیدا كورد وەک كارتێک لە دژی حكومەتی عێراق بەكاربێنێت (مەحمود،٢٠٠٧:٢٥) لە ڕێگەی ئێرانەوە عێراق گۆشەگیربكات (بینغیو،٢٠١٤:٩٦) . عودەی سەدام حوسێن پێیوایە لە حەفتاكاندا ئەمریكا هەوڵیدا تواناكانی عێراق كەمبكاتەوە لە ڕێگەی دوو جۆر كێشەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

کارلێککراودا:"**یەکەم:ناوەوەی پشێوی نێوخۆیی لە ڕێگای هەندێک لە کوردەکان بە ئاراستەی یاخیبوون لە دەسەڵاتی ناوەندیی. دووەم: سوود وەرگرتن لە هاندانی ئێران بۆیە لە ساڵانی ١٩٧٤و ١٩٧٥ لە گرژییەکی تەواو دابووە لەگەڵ عێراقدا، گەیشتبووە لێواری جەنگ" (حسین،١٩٩٨:١٠٠) .**

وێڕای هەموو ئەمانە ئەمریکا بەتەواوی دەستبەرداری عێراق نەبوو لە پەیوەندی بووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و هەوڵدان بۆ ئەوەی عێراق بە تەواوی پشت بە سۆڤیەت نەبەستێت،لەو سۆنگەیەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢دا شاندێکی عێراقی بەنهێنی بە سەرۆکایەتی عزەت دووری کە ئەوکات وەزیری چاکسازی کشتوکاڵ بوو سەردانی ئەمریکای کرد لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکانی بەغداو واشنتن لە ڕووە فەرمییەکەی هەڵپەسێردرابوو، بەڵام ئەو کات ئەمریکا بڕیاریدا ژمارەی نوێنەرایەتی خۆی لە بەغدا زیاد بکات (بینغیو،٢٠١٤:٩٧) .

یەکێک لە وێستگەکانی دیکەی ئەو پەیوەندییە شەڕی ٦ی تشرینی ساڵی ١٩٧٣ی عەرەب-ئیسرائیل بوو، بەهۆی پەلاماردانی ئیسرائیل بۆ سەر بیابانی سینای میسر، عێراق یەکێک لە وڵاتە بەشداربووەکانی شەڕەکە بوو (کۆگلن،٢٠١٤:٢٢١) وڵاتانی ئۆپێک فرۆشتنی نەوتیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەستاند،ئەمەش قەیرانێکی گەورەی بۆ دروستکردن بەتایبەتی ئەمریکا (Farah, 1977: 889) ، لە بەرانبەر ئەگەری هەر هێرشێکی ئوردن،سووریا عێراق،یەکێتی عەرەبی دا ئەمریکا بڕیاریدا تا ١٩٧٤ نزیکەی ٢٠ فڕۆکەی Phantomsو زیاتر لە ٢٠ Skyhawks ی بداتە ئیسرائیل (Foreign Relation Of The United States, Volume xxiii, 2015: 308) .

هەرچەندە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ئەگەر هێرشی بەدوورزانیوە ئەوەی تێبینی دەکرێت عێراق نەچووەتە ژێرباری جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەو نەوتی خۆی بە گران فرۆشتوە،بەمەش داهاتێکی زۆری کۆکردەوە،بەشێکی زۆری پارەکەشی بە چەک و پێداویستی سەربازیدا لە دژی بزووتنەوەی کوردی بەکاریهێنا) عەبدولقادر،٢٠٠٨:٢٠٠-٢٠١ (. دوای شەڕی عەرەب-ئیسرائیل لەساڵی ١٩٧٣دا ئەمریکاو عێراق ڕێککەوتن نووسینگەی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیان بکەنەوە،ئەمریکا لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی بەلجیکا لە بەغداوعێراقیش لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی هیندستان لە واشنتن کارەکانیان ڕاییدەکرد(Kiely,2009:37-38 ) . عێراق وێڕای ئەوەی پێگەیەکی گرنگ بوو بۆ ئەمریکا بەتایبەتی سەرچاوەیەکی سەرەکی نەوت بوو،بازاڕێکیش بوو بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی،هەناردەکردنی بەرهەمی ئەمریکا بۆ عێراق لەساڵی ١٩٧٤دا ١٢٢ملیۆن دۆلاربوو بەروارد بەساڵی ١٩٧٢ ئەو ڕێژەیە نزیکەی ١٠٠% زیادیکرد (Kiely ,2009:47) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

به تێپەڕبوون كات دەركەت حكومەتی عێراق ئامادەنەبوو ڕێككەوتنی ١١ی ئادار بەتەواوی جێبەجێبكات و لێیپاشگەزبووەوە هەردوولا یەكدیان بەجێبەجێنەكردنی ڕێككەوتنە تۆمەتباركرد، جارێكی دیكە لە مایسی ساڵی ١٩٧٤ شەڕو پێكدادانەكان دەستیانپێكردەوە،هاوكاری و یارمەتییەكانی ئەمریكا و ئێرانیش بۆ كورد ڕووی لە كەمیكرد ( In the house of Representative, The Kurds in Iraq, July 11, 1974) . لای خۆیەوە عێراق دەستیكرد بە بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی كە پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەمریكا هەبوو وەک سعودیە،ئوردن و میسر) عەبدولقادر،٢٠٠٨:٢١٣-٢١٤. (

پەرەسەندنەكان زۆر بە خێرایی ڕوویان دەدا،ڕێككەوتنی ٦ئاداری ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێران ڕاگەیێندرا كە بە ڕێككەوتننامەی جەزائیر ناسراوە (٢) ،دەزگای هەواڵگری ئەمریكا هەر لە دەستپێكدا ئاگاداری دانووستان و گفتوگۆكان بوو) كۆچێرا،٢٠٠٧:٤١٦ ( تەنانەت ئەمریكاو ئیسرائیل لەنزیكەوە چاودێری بەڕێوەچوونی دیدارو كۆبوونەوەكانیان دەكرد) بارزي،٢٠٠٨:٩١ (. پەیوەندییە ژێربەژێرەكانی عێراق و ئەمریكا پەرەی سەندو باس لە سەردانێكی نهێنی كیسنجەر دەكرێت بۆ عێراق لە كۆتایی شوباتی ١٩٧٥و دیداروكۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرس و ڕایەدارانی عێراق،گەنگەشە لە پەرەسەندنی پەیوەندییەكان و ڕێككەوتنی تاران و بەغدا كراوە) . ڕاپۆرتی پارتی دیموكراتی كوردستان، سەركردایەتی كاتی، كە لایەن كۆنفرانسی پارتی لە ١١-١٥ی ئابی ساڵی ١٩٧٦ پەسەندكراوە؛عیسی،١٩٩٢:٣٧٣ (. لە شوباتی ١٩٧٥ ئەمریكا لەگەڵ عێراق ڕێككەوتنێكی بە بەهای ٢٢٥ ملیۆن دۆلار واژۆكرد بۆ ئەوەی فڕۆكەی جۆری بۆینگ بفرۆشێتە عێراق (بارزانی،١٩٩٨:١٢١). ڕێككەوتنی جەزائیر-یش خاڵێكی وەرچەرخان بوو بۆ عێراق تاوەكو خۆی لە ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریكا نزیكبكاتەوە (محمود،٢٠٠٧:٢٧)، بەڵام هێشتا لە خەیاڵدانی سەركردەكانی عێراق ئەو وێنا ئیستیعمارگەراو پشتوانی زایۆنی هەرمابوو، ئەگەر چی پێیانوبوو ئەمریكا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەمەش لە وتارێكی سەدام حوسێن ئاماژەی بۆكرا كە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ باڵیۆزانی عێراق ئاماژەی بۆكرد (حسین،١٩٨١:٢٤).

لە كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٧٥،هێنری كیسنجەرو سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق لە باڵیۆزخانەی عێراق لە پاریس كۆوبوونەوە، باری سەرەنجییان لەبارەی كۆمەڵێك پرس ئاڵوگۆڕكرد لەوانە میسر،سووریا، سنووردارکردنی ڕۆڵی سۆڤییەت،چارەسەركردنی كێشەی سنوور لەگەڵ هەریەک سعودیە، ئێران و كوێت، كیسینجەر لەگەڵ ئاماژەدان بە بەرەوپێشوونی پەیوەندییەكان، بەڵام پێیوابوو هێشتا عێراق لە سۆڤەتەوە نزیكە،بەڵام حەمادی لەوبارەوە ڕەخنەی لە ئەمریكا گرت كە پێیوابووە عێراق پاشكۆی سۆڤیەتە، هاوكات ئەمریكای بە هاوكاركردنی بزووتنەوەی كورد تۆمەتباركرد كە وەک ئەو باسیكردووە هەوڵی دابەشكردنی عێراق دەدەن، ئیسرائیلیش خاڵێكی دیكەی ناكۆكی نێوان بەغداو واشنتن بوو،حەمادی ئەمانە بەهۆكاری ناكۆكی نێوان هەردوولا دادەنا،بەڵام كیسنجەر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

جەختیكردوە،یارمەتییەكانیان بۆ ئیسرائیل لەماوەیەكی دیاریكردا ٢-٣ ملیاربوو،بەڵام بەم شێوەیە بەردەوام نەبوو. لەگفتوگۆكەدا لەبارەی پەیوەندییەكانی ئەمریكاو عێراق، كیسنجەر،وێڕای ئاماژەدان بە گومانكردن لە پەیوندی عێراق و سۆڤییەت، بەڵام هێمای بۆ ئەوەكرد ئەمریكا بەرژوەندییەكانی بەلای عێراقدا شكاندووە (Memorandum of conversation (Sadun Hamadi) , Paris, 17 December, 1975) .

لە دوای ڕێككەوتنی ١٩٧٥ بەرەبەرە هەژمونی سۆڤییەت لە عێراق لە پاشەكشە دابوو لە بەرانبەردا لە سووریادا كاریگەرییەكانی زیاتربوو (عقراوي،٢٠٠،ص٤٠٥). لە ١٩٧٦چەند كۆمپانیاكی ئەمریكی كارگەیەكی گەورەی كیمیاییان بۆ عێراق دامەزراند،بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ماددەی كیمایی بۆ كاری مەدەنی بوو، بەڵام عێراق هەوڵیدا ئەو ماددانە بۆ دروستكردنی چەكی كیمیایی بەكاربهێنێت (ساڵح،٢٠١٣: ١٢٨-١٢٩) .

لە ئایاری ١٩٧٧ فلیپ حەبیبPhilip Habib (١٩٧٦-١٩٧٨) جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریكا سەردانی عێراقی كرد لەگەڵ سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق كۆبووەوە لە دوای تێكچوونی پەیوەندییەكانی نێوان لە ١٩٦٧دا ئەمە یەكەمین سەردانی فەرمی شاندێكی ئەمریكی بوو لەو ئاستە بەرزەدا بۆ عێراق (Shemesh,1992:147-148) ،تەنانەت لە ١٩٧٧ بەهۆی نەخۆشكەوتنی سەدام حوسێن لەسەر داوای خودی جیمی كارتەر،ئەمریكا تیمێكی پزیشكی تایبەتی بەسەرۆكایەتی د. رزلی ناردە عێراق بۆ چارەسەركردنی سەدام حوسێن ) ساڵح،٢٠١٣:١٤٨) . لەمانگی ئایاری هەمان ساڵ تیمی پزیشكی زانكۆی جۆرج واشنتن بە نهێنی هاتنە بەغدا بۆ چارەسەركردنی ئەحمەد حەسەن بەكری سەرۆک كۆماری عێراق (كۆگلن،٢٠١٤:٢٣٨) .

لە ٢٠ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ جیمی كارتەر Jimmy Carter (١٩٧٧– ١٩٨١) وەک سەرۆكی نوێی ئەمریكا دەستبەركاربوو، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٨دا بەهۆی هەوڵە چڕوپڕەكانی كارتەر، ئیسرائیل و میسر ڕێككەوتنی كامپ دەیڤیدیان واژۆكرد (Smith,1986:97-105 ) كە كۆتاییهێنان بە ناكۆكی ئیسرائیل و میسر، پرۆسەی ئاشتی و دۆخی فەڵەستنی لە خۆگرتبوو لە بەرانبەردا وڵاتانی عەرەبی دان بە ئیسرائیل بێن،بەڵام عێراق هەر زوو دژایەتی ئەو ڕێككەوتنەی كردو هێرشی توندیكردە سەری بە گەمەو پیلانێكی ئەمریكای ناوبرد بۆ دەستوەردان لە كاروباری نێوخۆی وڵاتانی عەرەبی (الجمهورية،١٣ ايلول ١٩٧٨،العدد٣٣٧٤) .

هاوكات عێراق پشتگیری خۆی دەربڕی بۆ حەوانەو داڵدەدانی گروپە چەكدارەكانی فەڵەستین كە ڕۆژئاوا بە تیرۆریستی ناودەبردن (Stephen Zunes,2006,P24. ) ،تەنانەت خودی سەدام حوسێن (١٩٧٩-٢٠٠٣) لە چاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ گۆڤاری نیوزویک (Newsweek) ی ئەمریكی لە ١٩٧٨دا بەئاشكرا ڕایگەیاند،عێراق دەرگای واڵایە ئازادن ڕاهێنان بكەن و لێرەوە پلان بۆ هێرشەكانیان دابڕێژن (كۆگلن،٢٠١٤:٢٢٣-٢٢٦) . ئەم هەنگاوە ئەمریكای



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

نیگەرانکرد واشنتن دالّدەدانی ئەو گروپە چەکدارانەی ئیدانەکرد،پێیوابوو ئەو پشتوانییەی عێراق کێشەی سەرەکی بۆ ئەمریکا دروستکردووەو عێراق بەردەوامە لە هاوکاری ئەو گروپانە کە ئەمریکا بە تیرۆریست ناوی دەبردن کەچی بەردەوام سەرکۆنەی واشنتن دەکات لەسەر هاوکارییکردنی ئیسرائیل (کۆگلن،٢٠١٤:٢٢٣–٢٢٧) . لە لوتکەی نێودەوڵەتی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٨ بەڕێووەچوو،عێراق هەوڵیدا خۆی وەک هێزێکی نەتەوەیی ئامادەبوو بۆ سەرکردایەتیکردنی وڵاتانی عەرەبی خۆی وێنا بکات، ڕۆژئاواش ئەمەی وەک مەترسییەک سەیردەکرد سەبارەت بە ئایندەی عێراق لە وڵاتانی عەرەبی و جیهانی سێیەم دا (حسین،١٩٩٨:١٠٠) . لە ساڵی ١٩٧٩دا، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە لە ناوچەکەدا ڕوویاندا لەوانە شۆڕشی ئیسلامی و ڕووخانی ڕژێمی شا لە ئێران،چوونی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان،دوورخستنەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر لەسەر دەسەلات و هاتنە سەر دەسەڵاتی سەدام حوسێن،دواتریش لە ساڵی ١٩٨١ جەنگی عێراق و ئێران بەرپابوو، کە ئەم پێشهاتانەش کاریگەریان بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و بەغدا هەبوو.

## دووەم: پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا لەژێر ڕۆشنیایی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ١٩٧٨- ١٩٨٠

گەلانی ئێران لە دژی ڕژێمی پاشایەتی وڵاتەکەیان لە ساڵی ١٩٧٨دا ڕاپەڕین،لە کۆتاییدا محەممەد ڕەزا شای ئێران (١٩٤١–١٩٧٩) لە ١٦ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ ناچار بوو وڵات بەجێبهێڵێت (٣) ،خومەینی لە ١ی مانگی شوبات گەڕایەوە وڵات لە ١١ی شوبات سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ڕاگەیێندرا (الشحف،٢٠٠٥:١٠٨–١٠٩) . هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی خومەینی کاریگەری گەورەی بۆ سەرناوچەکە بەگشتی،عێراق بەتایبەتی هەبوو (شریف، ٢٠٠١:٨١٦؛صبح،٢٠٠٦،ص١٦٢؛ التكريتي،١٩٨٢:١٤٦) ،سەرەتا عێراق ستایشی هەڵوێستە بەراییەکانی حکومەتی ئێرانی کرد لە دژایەتیکردنی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بە گشتی (الثورة،العدد (٣٥٨٩) ،٢١ اذار ١٩٨١) .

دوای بەرزکردنەوەی دروشمی"هەناردەکرنی شۆڕش"بۆ دەرەوە،عێراق ترسی گەورەی لێنیشت (Mousavian,2014,P83) ،بەتایبەتی لەسەر ئاستی ناوخۆییدا لە نێو شیعەکانی عێراقدا هەندێک گروپ و کەس پشتوانیان لە شۆڕشی ئێران دەکرد (عەبدوڵڵا،٢٠١٩:٤٢٥–٤٢٦). هاوکات خومەینی ڕق و کینەیەکی زۆری لە سەدام حوسێن بوو بە"نۆکەری ئەهریمەن"ی دانا،پێیوابوو هاتنە سەرکاری حوسێن سەدام و لابردنی ئەحمەد حەسەن بەکر لە بەرژەوەندی و هاوسەنگی ڕۆژئاوایە بەتایبەتی ئەمریکا (نوازی، ١٣٨٣:١٦٧) ، ئەو ڕق و کینەشی هەر لە دڵ بوو کاتێک سەدام حوسێن لەساڵی ١٩٧٨دا لەسەر داوای شای ئێران خومەینی لە عێراق دەرکرد (Galbraith,Pocket,2007:14) . دواتر شەڕە قسە لە نێوان بەغداو تاران دەستیانپێکرد،ئەمەش زەمینەی بۆ هەڵگیرسانی نارامی ڕەخساند (حثلین،٢٠١٣:١٧١) ، بەو پێیەی بەغدا نزیکترین دراوسێی تارانە،مەترسی گەورەی هەبوو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

کاریگەری بکاتە شیعەکانی وڵاتەکەی و بۆ خۆیانی کێش بکات ترسی لە هەناردنی شۆڕشی ئێران هەبوو (صبح،١٦٢:٢٠٠٦) ،بەتایبەتی کاتێک محەممەد باقر سەدر (٤) ،کەسایەتی دیاری ئاینی شیعەمەزهەب لە عێراق پشتوانی خۆی بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ڕاگەیاند، فتوای حەرامکردنی چوونە نێو ڕیزەکانی حزبی بەعسی دەرکرد (مار، نوێی, : ٢٨١) .

لە پێشهاتێکدا لە ٨ی نیسانی ١٩٨٠خومەینی هانی گەلانی عێراقیدا لە دژی ڕژێمی سەدام حوسێن و لەنێوبردنی شۆڕش بەرپا بکەن (حثلین،١٧١:٢٠١٣؛Razoux,2015:2-3) ،ئەم پەیامە کاریگەری گەورەی کردەسەر شیعەکانی عێراق لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٠ ژمارەیەک لایەنگری حزبی دەعوەی ئیسلامی عێراق لە کاتی سەردانی بۆ زانکۆی موستەنسرییە لە بەغدا هەوڵێکی سەرنەکەوتوویان دا بۆ تیرۆرکردنی تارق عەزیز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (Pelletiere,1992:31؛ Cooley,2005,PP151-152؛عەبدوڵڵا،٢٠١٩ل ل٤٢٤-٤٢٧) بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی (الثورة) بە مانشێتێکی سەرەکی ئێرانی بەدەست هەبوون لەو ڕووداوە تۆمەتبارکرد،میدیاکانی عێراق هەڵمەتێکی فراوانی میدیاییان لە دژی ئێران دەستپێکرد (المشاط،٢٣٧:٢٠٠٨– ٢٣٨) .

سەدام حوسێن جموجۆڵ و چالاکیی شیعەکانی وەک نمونە بەدەستوەردانی ئێران لە کاروباری عێراق دەهێنایەو (Razoux,2015:2) . لە پێشهاتێکدا محەممەد باقر سەدرو بینتولهودای خوشکی لە ٩ی نیسانی ١٩٨٠ کووشت (Pelletiere,1992: 31؛Helms,1984:29؛Cooley,2005:152 ) . لە ١٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠دا سەدام حوسێن لە وتارێکدا لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق بە فەرمی ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ی لەگەڵ ئێران هەڵوەشاندەوەو دووپاتکردەوە عێراق سەروەری تەواوی بەسەر شەتولعەرەب هەیە) حثلین،٢٠١٣،ص١٧٤) . عێراق بە دروشمی "ئێمەی عەرەب و ئێوەی مەجوس" لە دژی ئێران کەوتە جەنگەوە (شریف،ج٢،٢٠٠٢:٣٥٠-٣٥١) . سەدام حوسێن لە ڕاگەیێندراوێکدا وێڕای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر،داوای پێدانی ئۆتۆنۆمی بە بلوچ، کورد و عەرەب،گەڕانەوەی دوورگەکانی ئەبو موساو تونب گەورە و بچووکی ئیماراتی لە ئێران کرد لە بەرانبەردا بەنی سەدر سەرۆک کۆماری ئێران لە وەڵامی گەڕانەوەی ئەو دوورگانە ڕایگەیاند پێدانی ئەم دوورگانە بە عەرەبەکان واتای دەستبەرداگرتنی گەرووی هومرز دێت لەلایەن ئەمریکاوە (Marshal,2003:67. ) .

شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەبوو (خەلیل زاد،١٣٠:٢٠١٩؛ابوغزالە،٦٤:١٩٩٤) ،هاوپەیمانێکی گرنگی لە ناوچەکەدا لە دەستدا کە پۆلیس و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی بوو (باجلان،٨٨:٢٠١١) ،بەربەستێکش بوو لە بەردەم هەژموونی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا سنووریکی زۆریشی لەسەر کەنداو هەبوو ترسی هەبوو لەوەی بکەوێتە دەست ئیمپراتۆریەتی سوور کە یەکێتی سۆڤیەت بوو (Parsi,2007 :89) . سەرەتا ئەمریکا نەیودەیست پەیوەندییەکانی بە تەواوی لەگەڵ ئێران بپچڕێنێت،چونکە ترسی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هەبوو ئەم هەنگاوە لە بەرژەوەندی سۆڤییەت بشکێتەوە،بەڵام بەشێک لە قوتابیانی توندڕەو لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩هەڵیانکوتایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران،سەرجەم دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان و فەرمانبەرەکانیان بە بارمتەگرت) Parsi,2007,90؛McCormick,1995:208 (. ئەمەش دوای ئەوەی ئەمریکا پێشوازی لە شای ئێران کرد کە چارەسەر پزیشکی وەردەگرت ( (Lafeber,2008:312.

دەستبەردراگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤییەت،شۆکێکی گەورە بوو بۆ ئەمریکاو لێدانی گەورە بوون بۆی،ترسی گەورەی هەبوو یەکێتی سۆڤیەتی نەیاری ئەمە وەک دەستکەوتێکی جیۆسیاسی گەورە بقۆزێتەوە سۆڤییەت دەست بەسەر ئێران دابگرێت، لە نیسانی ساڵی ١٩٨٠ ڕۆژنامەی لۆمۆند -Le Mondeی فەڕەنسی بڵاویکردەوە هەندێک ئاماژەدەرکەوتوون لە سۆڤییەت پلانی قەیرانی بارمتەکانی داڕشتووە،هانی ئێران بدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا ئاسایی نەکاتەوە ) حتلین،٢٠١٣،ص١٧١ (. ئەمەش قەیرانێکی گەورەی لە نێوان ئەمریکاو ئێران لێکەوتەوە. لای خۆیەوە ئەمریکاش هەوڵیدەدا سوود لە قەیرانی بارمتەکان وەربگرێت بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا لەو وڵاتەنە نزیکبێتەوە کە لایەنگری سۆڤییەت بوون لەوانەش عێراق،بۆیە سوودی لە خواست و ئارەزووەکانی سەدام حوسێن وەرگرت کە لەناوچەکەدا هەیبوو (Ganji,2006:194) .

ئەمریکا لە ٧ی نیسانی ١٩٨٠پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران پچڕاندو سزای بەسەر ئێران سەپاند (جردن،٢٧٨:١٣٦٣) . برجینسکی ئاماژە بەوەدەکات بوونی خومەینی لە ناوچەکەدا پێویستی بە هاوپەیمانی ئەمریکاو عێراق هەیە،هیچ دژبەرییەک لەنێوان عێراق و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئەمریکاشدا نییە (خارووداكي،٣٠٩:٢٠١٣) . ئەمریکا بەدوای هاوبەشێکی نوێ دەگەڕا لە ناوچەکەدا بۆ ئەوەی ڕۆڵی پۆلیسی کەنداو بگێڕێت و عێراق بژاردەیەکی باشبوو،لەو چوارچێوەیدا بەغدا پێشوازی لەو هەنگاوەو گۆڕانکاریکردن لە سیاسیەتی ئەمریکا کرد لە بەرانبەری دا (Timmerman,992:77) . بۆیە سەدام توانی دەرفەتی خراپی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا و گۆڕانکاری سیاسەتەکانی ئەمریکا بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە خزمەت بەرژەوەندییەکانیدا سوودی لێوەربگرێت.

لەناوەڕاستی١٩٨٠برجینسکی بەشێوەیەکی ئەرێنیانەتر سەیری عێراقی دەکرد بەوپێیەی دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم ئێران و پاڵپشتێک بۆ گۆشەگیرکردنی هەژموونی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا،لە ١٤ی نیسانی ئەم ساڵە دائاماژەی بەوەکرد ئەمریکا دەخوازێت کار لەگەڵ عێراق بکات و جەختیلەوەکردەوە "نەبوونی سازانی سەرەکی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو عێراق نابینم،هەستناکەم پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق بخوازێت لە چوارچێوەی دژ یەک قەتیس بێت" (Baram,1993:256 ) .

ڕۆژنامەی نیویورک تایمزی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکداو هەندێک سەرچاوەی دیکە باس لەوەدەکەن برجینسکی لەمیانەی سەردانیدا بۆ ئوردن لەسەرەتای مانگی تەمموزدا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق کۆبووەوە، بەمەبەستی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هاوئاهەنگیکردنی چالاکییەکان لە دژی سیاسەتەکانی ئێران (مجموعة من الباحثين العرب،١٩٩٣:٣٨-٣٩؛نايف بن حثلين،١٧٢:٢٠١) . تەنانەت وەک باس دەکرێت چاوی بە سەدام حوسێن کەوتووە بە ئامانجی ڕازییکردنی بۆ ئەوەی بەرەنگاری سیاستەکانی خومەینی ببنەوە (مجموعة من الباحثين العرب،١٩٩٣:٣٨-٣٩؛Ganji,2006:195) . تاریق عەزیز لە میانەی سەردانێکی بۆ پاریس لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ لوفیگارۆی فەرەنسی، کۆبوونەوەی برجنسکی و سەدامی لەسەر سنووری عێراق و ئوردەن پشتڕاستکردووەتەوە ئاماژەی بەوەکردووە بەڵێنی بە سەدام داوە بیپارێزێت و ڕێگەنەدات عێراق شکستبهێننێت (سەتلانی،١٣٩٣:١٤٦-١٤٧) . هەر لەوبارەوە سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بەوەدەکات لە مانگی تەمموز سەدام سەردانی ئوردنی کردووە کە هاوکات بووە لەگەڵ سەردانی سێ بەرپرسی CIA بۆ ئەو وڵاتە، سەرچاوەیەک بە تەواوی دڵنیانییە لەوەی سەدام چاوی بەو سێ بەرپرسەی CIAی کەوتووە یاخودنا،بەڵام هەردووکیان لەگەڵ شاحوسێن کۆبوونەوەتەوە باسیان لە هەڕەشەو مەترسییەکانی ئێران کردووە (Cooley,2005:152) . شۆڕشی ئیسلامی و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان هەڕەشە بوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا،عێراقێکی بەهێز دەکرا ڕێگری بکات و خواستە فراوانخوازییەکانی ئێرانیش سنووردار بکات.

گاری سیک Garry ئەوکات یاریدەدەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا بۆ کاروباری کەنداو (١٩٧٦-١٩٨١) دەڵێت "ڕێگەدانی برجنیسکی بە سەدام پێیوایە گڵۆپی سەوز بوو بۆ هێرشکردنە سەر ئێران لەبەر ئەوەی گڵۆپی سوور بوونی نەبووە" (Timmerman,1992:77) . وەزارەتی بەرگری ئەمریکاش پێشبینی ٥٠% کردبوو کە عێراق هێرشدەکاتەسەر ئێران بەوپێیەی عێراق هەستی دەکرد ئێران لە ڕووی سەربازییەوە لەرزۆکەو شکستپهێنانی ئاسانە (نايف بن حثلين،١٧٢:٢٠١٣) . دەزگای هەواڵگری ئەمریکا CIA لە ڕاپۆتێکدا ئاماژەی بەوەکردووە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ ئاگاداربوونەوە عێراق ئامادەکاریکردووە بۆ هێرشکردنە سەر ئێران ( CIA,25 November1987,Washington D. C m20205. ) . تەنانەت ئێرانی لە ئەگەری هێرشکردنە سەری لەلایەن عێراقەوە ئاگادارکردەوە (Crist,2012:87-88) .

لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئەمریکییەو ئێرانییەکان لە دانووستان دابوون لەبارەی چارەنووسی بارمتەکان، بەڵام وەک گەورە بەرپرسانی ئەمریکا باسیدەکەن هەموو کارێک ئاوەژووبووەوە، لەوبارەوە گاری سیک ئاماژەی بەوەدەکات،"ئێرانییەکان شاندێکیان ڕەوانەی ئەڵمانیا کرد ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ بۆ یەکەمین جار بە فەرمی ڕایانگەیاند دەخوازن قەیرانی بارمەتەکان کۆتایی بێت و ئامادەن ئاستەنگەکان تێپەڕێنن و گفتوگۆن بکەن،بۆیە ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی نهێنی لە شاری بۆن لە ئەڵمانیا لەگەڵیاندا کۆبوونەوە،بەڵام دوای ١٠ ڕۆژ سەدام حوسێن هێرشیکردە سەر ئێران و هەموو دانووستانەکانی کۆتایی پێهێنا،قورس نییە لەو تێبگەی کە بۆچی ئێرانییەکان پێیانوایە،ئێمە ئەو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

جەنگەمان لە دژی دروستکرد لە کاتێکدا ئێمە لەبارەی قەیرانی بارمەتەکان تورەبوون". ) BBC العربي،برنامج حرب العراق وايران) .

دوای ئەوەی ئەمریکا لەژێر ڕۆشنایی بابەتی بارمەتەکان لە ساڵی ١٩٨٠بڕیاریدا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێران بپچڕێنێت میدیای فەرمی عێراقی بەگومانەوە لەو هەنگاوەیان دەڕوانی ئاماژەیان بەوەدا ئەمە سیاسەتی تێکەڵکردنی کارتەکان و تێکەڵ و پێکەڵکردنی بۆچوونەکانە،بەکارهێنانی سیاسەتی بەلاڕێ دابردن و یارییەکی گەورەیە ئەمریکا لە ساڵانی کەمی ڕابردووەوە ئەنجامی دەدات لە نیشتمانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ،بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ئێران،جگە لە دەمو چاوەکان و سیمبولەکانی ڕژێمەکە نەبێت،ئەگەرنا هیچی دیکە نەگۆڕاوە،بڕیاری واشنتن بۆ پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ ڕژێمی ئێران پاساوە بۆ بەردەوامی بوونی پرۆسەی بارمتە ئەمریکییەکان لە تاران، تەواوکەری بەشێکی دیکە شانۆکەیە،ئاشکرایە لە هەمووکاتێکی ڕابردوودا ئێستا ئابڕوبەرترە (الثورة،الخميس١٠ نيسان ١٩٨٠، العدد٣٦١٠) ،دوای ئەوەی پرۆسەی ئازادکردنی بارمتەکان لەلایەن هێزی تایبەتی ئەمریکی سەرکەوتوو نەبوو فرۆکەیەکی ئەمریکی لە بیابانی تبس لە ئێران تێکشکا،ئەمریکا جگە لە دانووستان بژاردەی دیکەی لە بەردەم نەما بۆ ئازادکردنی هاووڵاتییەکانیان،لێرەوە لەسەر هەردوو پەتی نێوان عێراق و ئێران کاری دەکرد،چەکی پێداویستی سەربازی دەدایە ئێران لەگەڵ زانیاری هەواڵگری لەبارەی هێزەکانی عێراق (القصاب،٢٠١٤:١٥٣-١٥٤) .

محەممەد حەسەنێن هەیکل ئاماژەی بەوەدەکات (وليام جەی کەیسی-William J. Casey) ،سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکاو جێگرەکەی (ڕۆبرت گەیتس Robert M-Gates) ساڵی ١٩٧٩ لە ئیسپانیا لەگەڵ فازل بەڕاک سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراقی کۆبوونەوە،بەڵێنی پێدانی کوێت و چاوپۆشی کردنیان بە عێراق دابوو لە بەرانبەر لێدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران،بەئەمەش عێراقیان وروژاندن،بۆیە ئەمانە یەکێک بوون لە داڕێژەری هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران (هيكل،قناة الجزيرة) ،هەواڵگری ئەمریکا لە بیری دابوو ئەو ئەرک و کارە بە سەدام حوسێن بکەن بەو ڕێگایە ئەمریکا بە یەک بەرد دوو چۆلەکەی دەپێکا. عێراق و ئێران دوو دەوڵەتی بەهێزی ناوچەی کەنداو بوون،خاوەن توانایەکی گەورەی ئابووری بوون،فەرمانڕەواکانیان خواست و ویستیان لە دەرەوەی سنووری هەبوو،هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هەردوو وڵات بۆ ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت (الحمداني،٢٠٠٨:٢٩٥) . بۆیە وەک هەندێک سەرچاوە ئاماژەی بۆ دەکەن ئەمریکاو دەزگای هەواڵگرییەکەی هانی سەدام حوسێنیان داوە لە دژی ئێران و خومەینی (ايك،٢٠١٧: ١٧٣-١٧٤؛كالرك،١٩٩٣:٢٤) وهاوسۆزی عێراق بوونە لەو جەنگەدا. تەنانەت پێش جەنگ،سەدام لە ڕێگەی ئوردن و سعودیەوە، زانیاری و ڕاپۆرتی هەواڵگری ئەمریکی پێدەگەیشت لەبارەی توانای سەربازیی و خاڵی لاوازی ئێران (Ganji,2006:195) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## تەوەرەی سێیەم: هەڵوێستی ئەمریکا لەبەرپابوونی جەنگی عێراق ئێران

ڕۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ سوپای عێراق دەستی بە هێرش کرد،سنووری تێپەڕاند و چووە نێو خاکی ئێران (Cooley,2005:152-153) . پێش دەستپێکردنی جەنگیش،عێراق پشتوانی و هاوکاری لە هەوڵێکی کودەتای سەرنەکەتووی کرد بۆ گۆڕینی ڕژێمی ئێران،لە بەرانبەردا تاران پێیوابوو ئەو هەواڵە بە هاوبەشی لە نێوان ئەمریکاو عێراق ئەنجامدراوە (تیمرین،١٣٧٦:١٧٠).

یاریدەدەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمای‌ی ئەمریکا بۆ کاروباری کەنداو لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژەدەکات لە ئێران بۆشاییەکی ستراتیژی هەبوو،سەدام حوسێن پێیوابوو هێرشکردنە سەر ئێران جەنگێکی ئاسان و خێرا دەبێت، شەڕێکی شەش ڕۆژی دیکە دەبێت،مەبەستی شەڕی شەش ڕۆژەی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلە لە ٥-١١ حوزیرانی ١٩٦٧ ( مەبەست شەڕی شەش ڕۆژە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی وئیسرائیل لە ٥-١١ی حوزێرانی ساڵی ١٩٦٧، بەشەڕی حوزیران ناسراوە) . وەک ئەو باسی دەکات لە تێڕوانی ئیدارەی ئەمریکا هێرشی سەدام حوسێن بۆ سەر ئێران چاوەڕوان نەکرابوو) BBC العربي، برنامج حرب العراق وايران) .

ئەبوئەلحەسەن بەنی سەدر یەکەم سەرۆککۆماری ئێران، دوای شۆڕش (١٩٨٠- ١٩٨١) پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیدا پێیوایە دەستبەسەرداگرتنی بارمتەکان لە ئەمریکا پلانی بۆ داڕێژرا لە ئێران جێبەجێکرا لەلایەن بەشێک لە سەرکردەکانی کۆمارییەکان بەتایبەتی کیسینجەرو ڕۆک فلۆر، لە پاشان سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئێرانی بەدوای داهات،دواتر هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران وەک ئەوەی ڕێکخرا بوو ئەنجامدرا) BBC العربي،برنامج حرب العراق وايران) . بۆیە تاران پێیوایە ئەگەر ئەمریکا چرای سەوزی هەڵنەکردبێت عێراق بوێری نەبووە هێرشبکاتە سەر ئێران (Mousavian,2014:89) . جیمی کارتەر ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٨٠یاداشتیکردووە"تیرۆریستە ئێرانییەکان لەبارەی کووشتنی بارمتە ئەمریکییەکان هەموو جۆرە هەڕەشەیەکی شێتانەیان دەکرد ئەگەر بێتو عێراق هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەوان پێیانوابوو حکومەتی عێراق بەکرێگیراوی ئەمریکایە" (کارتر،٢٠١٣:٥٤٨) . گاری سیک لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی لەبارەی ڕۆژی یەکەمی ئەو جەنگە دەڵێت"ئەو بەیانییەی هێرشەکە ڕوویدا لەگەڵ برجنسکی بووم،کاتێک گوێبیستی هەواڵەکەبووم،بەپەلە چوومە ئۆفیسەکەم و نەخشەیەکم دۆزیەوە کە دابەشکردنی سنوورو هێڵی نەوتی تێدابوو لەگەڵ خۆم بردم و کردمانەوە لەسەر زەوی دامانا تاوەکو سەیری دۆخی ستراتیژی ئەو جەنگە بکەین") BBC العربي،برنامج حرب العراق وايران) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هەر لەوبارەوە جیمی كارتەر دەڵێت"لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ عێراق فڕۆكەخانەیەكی ئێرانی بۆردوومان كرد كە فڕۆكەی سەربازی لێبوو، دواتر بڕیار دەدەن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بكەن، چۆن كاریگەری لەسەر ئازادكردنی بارمتەكان دەكات، گرنگترین شت دوورخستنەوەی هەر دەستوەردانێكی سۆڤیەتی بوو لە ئێران" (كارتر،٢٠١٣:٦١٣) . ئیدارەی جیمی كارتەر بانگەشەی ئەوەیكرد كە بێلایەنە لەو جەنگە (Pelletiere,1992 ،44) و داوایكرد چەك نەدرێتە هیچ لایەنێك (Cooley,2005:155) . جیمی كارتەر دەڵێت لە ٢٤ی ئەیلولی١٩٨٠كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشتی نیشتمانی ئەنجامدرا، ڕێككەوتین لەسەر ئەوەی كار بكەن بە هەموو توانایەک و لە زووترین كاتدا كۆتایی بە ململانێی ئێران–عێراق بهێنرێت بە تەواویش بێلایەن بین، تەنگەبەری هورمزیش كراوەبێت،هیواداربوون بۆ شەڕ وەستان بگەنە ڕێككەوتن لە كاتێكدا ئێران لەژێر هەڕەشە دایە،ئەمەش هانیدەدان بارمتەكان ئازادبكات و چاكسازی لە پەیوەندییەكانی بە جیهانی دەرەوە بكات (كارتر،٢٠١٣:٦١٤) . ئەمریكا نامەیەكی بۆ ئێران نارد لە ڕێگەی وڵاتی سێیەم تێیدا جەختیلەوەكردەوەهیچ پەیوەندییەكی بەو جەنگەوە نییە دژی بەردەوامبوونی جەنگێكە كە ئێران دابەش بكات (ملیحة،٢٠١٢:٢٧٩–٢٨٠) . ئەو بێلان ڕاگەیاندنەی سەرەتای ئەمریكا بەشێكی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ئەو كات هەژموونی بەسەر عێراق نەبوو،چونكە لە بنەڕەتە هێشتا پەیوەندییەكانی ئاسایی نەببوەوە،هاوكات پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئێرانیش لە قەیران دابوو (Clark,2004:39 ) .

گاری سیك لە چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت،"خۆم ئەو كات لەنێو ڕووداوەكان بووم،ڕۆژانە ئاگاداربووم و زانیاریی هەواڵگریمان پێدەگەیشت،برجنسكی زۆر بەم بابەتەوە سەرقاڵ بوو،هیچ كەسێك لە ئێمە زانیاریان نەبوو،گڵۆپی سەوز یاخود هەر شتێكی دیكە درابێتە عێراقییەكان،ئەو قسانە لەوبارەوە دەكرێن ڕاست نیین. واقیع ئەوەی كردوومانە پێچەوانەكەی ڕاستە،چونكە ئەو كات ئێمە هەوڵماندەدا پەیوەندییەكی نوێ لەگەڵ ئەو حكومەتە نوێیەی ئێران دروستبكەین،خەڵكمان ناردو پێمان ڕاگەیاندن،سەدام حوسێن هێزەكانی كۆكردووەتەوە") BBC العربي،برنامج حرب العراق وایران) . عەبدولجەبار موحسین گوتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزە چەكدارەكانی عێراق (١٩٨٤–١٩٨٩) لە چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنیدا جەخت لەسەرئەوەدەكاتەوە بەهیچ شێوەیەک لەلایەن ئەمریكاوە چرای سەوز بۆ عێراق هەڵنەكراوە، یاخود ڕێككەوتنی دوو قۆڵی نەبووە بە بەڵگەی ئەوەی تێچووی ئەو شەڕە هەمووی لەسەر عێراقییەكان بوو،ئەمریكییەكان هیچیان لەو پێناوەنەداوە. سەدام حوسێن دەرفەتی قەیرانی بارمتەكانی قۆستەوە، ئەمریكا ئەو دەرفەتەی قۆستەوە تاوەكو سەدام حوسێن هێرش بكاتە سەر ئێران) BBC العربي،برنامج حرب العراق وایران) . هەرچی وەفیق سامەرائییە جەختلەوەدەكاتەوە پێش جەنگ پەیوەندی نێوان عێراق و ئەمریكا پچڕابوو ئەوكات هیچ پەیوەندییەكی هەواڵگری و هاوئاهەنگی نەبوو، بۆیە ئەمریكییەكان تۆمەتبار ناكات هانی سەدامیان داوە بۆ ئەوەی بچێتە نێو جەنگ،بەڵام ئەمەش مانای وانییە ئەوان ڕازی نەبوون و دڵخۆش نەبووبن بەتایبەتی ئێران هەر لەوكاتەی شا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ڕووخا لە دۆخێکی دووژمنایەتی ئەمریکا بوون،بڕیاری جەنگ لە دژی ئێران بڕیارێکی١٠٠% سەدامی بووە،ڕەنگە هەندێک وڵات هانیان دابێت بەشێوەیەک لە شێوەکان،بەڵام بڕیارەکە تەواو سەدامی بوو (وەفیق سامەرائی،چاوپێکەوتن،١٣-٥-٢٠١٩) . مازن سامەڕائی یەکێک لە بەرپرسانی حزبی بەعس لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژەبەوەدەکات،بەهیچ شێوەیەک سەدام حوسێن لەسەر داوای ئەمریکا هێرشی نەکردووەتە سەر ئێران و شەڕیشی بەرپانەکردووە،قەیرانی بارمتەکانی ئەمریکا نەقۆستووەتەوە (القناة التاسعة، الحرب العراقية الإيرانية) .

سەدام حوسێن ساڵی ١٩٩٠ لەمیانەی دیداری لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا باسی ئەوەکرد پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا دوو مانگ پێش دەستپێکردنی جەنگی عێراق-ئێران بڕیاری لەسەردرا (سالینجر، ١٩٩١:٦٥-٦٦) . گڵۆپی سەوز لەلایەن ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە هەڵکراوە (Marshal, 2003:68) . جیمی کارتەر دەڵێت لە١٣ی تشرینی یەکەم پێیانڕاگەیێندراوە "سەدام حوسێن هانی سعودیەی داوە بۆ ئەوەی هاوکاری عێراق بکات،عێراق وڵاتی دەستدرێژکار بوو، ئەمە وێنەی عێراق بوو لە چاوی جیهاندا. وەک کارتەر باسی دەکات لەگەڵ گەندەڵی و بێڕێزی زۆری بە گەلەکەی، سەدام حوسێن پشتوانی زۆری عەرەبی سوننەی بەدەستهێنا لە شەڕی دژی ئێران کە شیعەبوون" ( کارتر،٢٠١٣:٦٢٠) . بەڵام سەدام ئەو کات ئەو وێنە خراپەی نەبوو، وەک کارتەر باسی دەکات.

حامد حەمدانی لە یاداشتەکانیدا باس لەوەدەکات،ئەمریکا بۆچوونی وابوو لەو جەنگەدا لە کۆتاییدا هەردوو وڵاتەکە هیلاک و شەکەت دەبن، بەهۆی جەنگەوە هەموو ساماناکانیان لەبەر دەچێت و ئابووریان دادەتەپێت،ئەمەش تاکە ڕێگای ئەمریکایە لە کەنداو بمێنێتەوە بەبێ بوونی هیچ ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو. وەک ئەو باسی دەکات بەم شێوەیە ئەمریکا پیلانی ئەو جەنگەی داناوبوو،فەرمانی بە سەدام حوسێن کرد هێرش بکاتە سەر ئێران و دەستبەسەر ناوچەی خوزستان دەوڵەمەند بە نەوت بگرێت و پاڵی بە سەدام حوسێن نا بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکان،ئەویش هیوای فراوانخوازی هەبوو بۆ نێو جەرگەی کەنداو، دەگوترێت سەرەی بیرەکە ناوچە خوزستان بوو کە ناوچەیەکی عەرەبی بوو پێی دەگوترا"عەرەبستان" (الحمداني،٢٠٠٨:٢٩٦) .

هەر لە سەرەتای بەرپابوونی جەنگەوە ئەمریکا جەختی لەسەر چەند خاڵێک کردەوە،هەوڵی دەدا لەو ڕێگایەوە هەڵوێستەکانی ڕوونبکاتەوە کە بریتی بوون لە:

- ڕاگەیاندنی بێلایەن بوون لەو ململانێیەو دووپاتکردنەوە لەسەر تێوەنەگلانی.
- گرنگیدان بەگەرەنتیکردنی نەپچڕاندنی نەوت،لە کاتێکدا ئەگەر تەنگەبەری هورمز داخرا، بۆیە لەو چوارچێوەیەدا ڕایگەیاند لە یەک باردا دەستوەردانی تاکلانەدەکات ئەگەر گەرووی هورمز دابخرێت.
- ڕاوێژ لەگەڵ هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی و ژاپۆن بۆ دروستکردنی هێزێکی دەستوەردانی هاوبەش.
- هاندانی یەکێتی سۆڤییەت کە دەستوەردان بۆ هیچ لایەنێک نەکات و پێویستە چەک هەناردە نەکات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

- پشتبەستنی ئەمریکا بە نێوەندگیری نەتەوەیەکگرتووەکان وکۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئەو ململانێیە (المختار،الثورة،الخميس ٢٠ تشرين الثاني ١٩٨٠، العدد٣٨٢٩) .

لەگەڵ ئەوەی زۆرجار خومەینی لەو وتارەکانیدا ناوی ئەمریکاو عێراقی وەک دووژمن بۆ ڕووبەڕبوونەوە پێکەوە دەهێنا (خمینی،١٣٩٣،ص٢٤٣) ،پێیوابووە ئەمریکا لە پشت هێرشی عێراقە بۆسەر ئێران (Yetiv,2008:50-51) ،بەڵام جیمی کارتەر لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠دا بەمشێوەیە یاداشتیکردووە،"پێموایە بە باشی مامەڵەمان لەگەڵ شەڕی کەنداو کرد عومانمان ناچارکرد ڕێگە نەدات لە ناوچەکانیانەوە عێراق هێرش بکات. سعودییەکانیشمان ناچارکرد هەڵوێستێکی بێلایەن بگرنەبەر،فڕۆکەی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت و سیستەمی کارکردنی ئاسمانی"ئەواکس"مان بۆ ڕەوانەکرد،کاری زیاتریشمان کرد بۆ بەرگریکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی سعودیە. ئێرانیشمان لەوە ئاگادارکردەوە،ئەمانە هەنگاوی دروستن بۆ سنووردانان و کۆتایی هاتنی جەنگ،تاوەکو گفتوگۆ لەسەر ئازادکردنی بارمتەکان لە ئەنجوومەن بکەن" ( کارتر،٢٠١٣:٦١٧) .

بەگوتەی گاری سیک،سەدام حوسێن پەیوەندیی بەوڵاتانی کەنداو کرد (عومان،ئیمارات،سعودیە) لەبارەی بەرپاکردنی شەڕی ڕووخانی ڕژێمی ئێران،داوای لێکردن بنکەکانیان بەکاربهێنێت بۆ ئەو مەبەستە،یەک ڕۆژ پێش ئەنجامدانی هێرشەکە ئەوەیان ئاشکراکرد، ئەمەش کاتێک فڕۆکەکان بۆ ئەو بنکانە دەچوون، بۆیە "ئێمە پەیوەندیمان بە عومانییەکان کردو پێمانگوتن پێویستە بووەستن و بیربکەنەوە") BBC العربي،برنامج حرب العراق وايران) .

لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠، دوای تێپەڕبوونەوەی زیاتر لە مانگێک لە هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێران، جیمی کارتەر،عێراقی وەک وڵاتێکی"داگیرکار"ناوبرد،چەند ڕۆژێک دواتر نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند،وڵاتەکەی"نەیاری برینی دەست و پێی ئێرانە" (المنار"مجلة"، العدد٩،ايلول ١٩٨٥:١٩٤-١٩٥) . میدیای فەرمی عێراق بە ئاشکرا باسی گۆڕینی سیاسەتی جیمی کارتەرو یاریدەدەرەکانیان دەکرد بەوەی بێلانیان لەدەستداوەو ئەمریکا لەژێر کاریگەری ئیسرائیل کەوتووەتە هاوکارییکردنی ئێران،ئەمەش لە ڕێگەی دەربڕینی هەڵویستەکانیان دژی دابەشکردنی ئێران و، پەلاماری عێراقن بۆ سەر خاکی ئێران. هەروەها کارتەر و ئیدمۆند موسکی-Edmund Muskie وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایانگەیاند،ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی ئێران بە بەهێز بمێنێتەوەو ڕۆڵی لە کەنداو هەبێت. ئیدارەی کارتەر گوشاریکردە سەر هەندێک وڵاتانی عەرەبی،پشتوانی عێراق نەکەن. دۆناڵد مەکینزی نێردەی ئەمریکا بۆ عێراق دووپاتیکردەوە پێویستە عێراق ڕێز لە یەکێتی و سەروەری ئێران بگرێت و لە خاکەکەی بکشێتەوە،پێویستیشە ڕێز لە یاسای نێودەوڵەتی و سەروەری بگرێت. هەواڵی ئەوەش بڵاوبووەوە ئەمریکا لە ڕێگەی لایەنی دیکەوە هاوکاری سەربازی ئێران دەکات. هاوکات باسیش لەوە دەکرا ڕێککەوتنێک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بارمتە ئەمریکییەکان بە پێدانی پارە،چەک و کەرەستەی سەربازی نزیکبووەتەوە،بۆیە عێراق لە میدیاکانەوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئیدارەی کارتەر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هاوکاری ئێران دەکات (المختار،الثورة،الخميس٢٠ تشرين الثاني ١٩٨، العدد٣٨٢٩،) . بێگومانیش ئیدارەی ئەمریکا ئەوکات هاوکاری ئێرانی کردووە.

بەگوتەی وەفیق سامەرائی لە سەرەتای هەشتاکاندا کاتێکدا جەنگی عێراق ئێران بەرپابوو، ئەمریکییەکان خۆیان جموجۆڵیان بە ئاراستەی عێراق دەستپێکرد نەک عێراق،بۆیە لە ڕێگەی هاوئاهەنگی هەواڵگری پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەستیانپێکرد (وەفیق سامەرائی،چاوپێکەوتن،١٣-٥-٢٠١٩) . دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) و ئاژانسی هەواڵگری سەربازی پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ سەدام حوسێن هەبوو بەتایبەتی دوای بەرپابوونی جەنگ، (CIA) تیمی ڕەوانەی بەغدا کرد، بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری هەواڵگری بەرەکانی جەنگ کە لە ڕێگەی فرۆکەی ئەواکسی سعودیە وەریان دەگرت (Sale,. :18) . دوای ئەوەی لە دوو ساڵی سەرەتا ئەو زانیارییە هەواڵگریانە لە ڕێگەی ئوردنەوە دەنێردرانە عێراق، بەڵام دوای کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا زانیارییەکان لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە دەگەیشتنە عێراق (مجموعة من الباحثين العرب،١٩٩٣:٣٩ ) .

وەفیق سامەڕائی کە بەرپرسی دۆسیەی ئێران بوو لە هەواڵگری سەربازی عێراق لە کاتی جەنگدا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت،"سەدام حوسێن متمانەی بە ڕووس و ئەمریکیەکان نەبوو لە بنەڕەتدا پەیوەندی لەنێوان عێراق و ئەمریکا نەبوو") BBC العربي،برنامج حرب العراق وايران) . فەریق ڕەعد مەجید حەمدانی فەرماندەی فەیلەقی دووی پێشووی هێزەکانی پاسەوانی کۆماری عێراق دەڵێت،عێراق لەسەرەتا هەرگیز پێیوانەبووە ئەو جەنگە هەشت ساڵ بخایەنێت، بەڵکو چەند هەفتەیەک زیاتر ناخایەنێت. لە ناوچەکەدا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتانی زلهێز چەندین بەرژەوەندیان هەبوو لەوانە ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا ئاسایشی ئیسرائیل و نەوت دوو لە بەرژەوەندییە هەرەدیارەکانی ئەمریکا بوون وەک زلهێزێکی جیهانی. دەستوەردانەکانی لە ناوچەکە سنووردداربوون،چونکە ئەو یەکێک بوو لە زلهێزەکان،تێوەگلانی ڕووسیا لە شەڕی ئەفغانستان کارێکی ئاڵۆزو قورس بوو گوشاری زۆری لەسەر بوو (حەمدانی، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ئاڕتی رووسیا) .

بەعسییەکان جەخت لەوەدەکەنەوە، ئەمریکا پشتوانی ڕژێمی ئێران کردووە بە مەبەستی چەند ئامانجێک دیارترنیان،بۆئەوەی ببێتە بەربەرستێکی بەهێز لەبەردەم یەکێتی سۆڤییەت و ڕێگری لە کشانی بۆ کەنداو بکات،ئێران بە پاساوی ئایین گرفتی لە ژماریەک کۆماری ئیسلامی یەکێتی سۆڤیەت دروستکرد،هاتە نێو کێشەی ئەفغانستان و بووە لایەنیکی هاوتێڕوانینی ئەمریکا،هاوکات ئێران ببێتەهۆی لاوازکردنی عێراق، دەرفەتیش لە بەردەم هێنانی هێزێکی زۆری ئەمریکا بۆ ناوچە برەخسێت،قەیرانی بارمتەکان وەک کارێکی دروستکرابوو بۆ ئەوەی جەماوەرییەتی خومەینی لە ئێران بەهێز بکرێت و پاساویش بۆ هاتنی ئەو هێزە زۆری ئەمریکا بۆ ناوچە فەراهەم بێت. هەروەها سیماکانی هاندانی ئەمریکا بەدیکراوە لەوانە دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا دەستیانکردووە بەپڕوپاگەندەکردن بەوەی خومەینی دووژمنی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ئەمریكاو ئیسرائیلە،ئامانجی ئەمریكاش ئەوەبوو لەنێو خۆی وڵات پشتوانی لە خومەینی بكات و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە پەكبخات،ئەمریكییەكان زانیاری ئەوەیان دەدا ئێران ڕۆڵ و جەماوەریەتی سەدام حوسێن بەهێزبووە خەریكە ببێتە سەركردەیەكی مێژوویی،توانیویەتی عێراقییەكان یەكبخات و لەگەڵ بەشێكی زۆری وڵاتانی عەرەبی،بۆیە ئەگەر بەخێرایی ڕێگری لەمە نەكرێت ئەوا پلانی ئەمریكاو ئێران شكستدەهێنێت (المختار، الثورة، الخميس٢٠ تشرين الثاني١٩٨٠،العدد٣٨٢٩) . ئەمریكا لە ئێران لە بەردەم دووبژاردە بوو،یەكەم پشتوانیكردن لە ئیسلامییە شیعەمەزهەبەكان،دووەمیش شیوعییەكان بۆیە یەكەمیانی هەڵبژارد،چونكە هاتنەسەر دەسەڵاتی شیوعییەكان واتای ڕادەستكردنی ئێران بوو بە یەكێتی سۆڤییەت، بەڵام لایەنی كەم لە ڕێگای ئیسلامییەكانەوە دەیتوانی لە بەرانبەر هەژموونی سۆڤییەت و شیوعییەكان هەڵشاخێت.

حامد حەمدانی لە یاداشتەكانی ئاماژەی بەوەكردووە"ئیمپریالیست بە هەموو توانایەكی هەوڵی دەدا ئەو جەنگە تا بكرێت درێژەبكێشێت،ئەمەش لەلایەن خودی ژمارەیەك گەورە بەرپرسی ئەمریكا دووپاتكرایەوە لە سەرووی هەموویانەوە ڕیگن و كیسنجەر و گەورە بەرپرسانی دیكەی ئەمریكا،ڕۆناڵد ڕیگن لەبارەی جەنگەوە ڕاگەیاندووە"ئەگەر كاتێكدا چەكمان دابێتە عێراق،ئەوا كاتێكی دیكە چەكمان داوەتە ئێران،ئەمە كارە پەیوەست بووە بە بەرژەوەندی باڵای سیاسەتی دەوڵەت"ئەمەش ڕوونە ئەمریكا ئامانجی بووە ئەو جەنگە درێژەبكێشێت و بەردەوام بێت، تاوەكو هەردوو گەل و وڵات پێكەوە دەسوتێنێت، بەو پێیە ئەو وڵاتانە خاوەن توانایەكی ئابووریی و مرۆیی بەهێزبوون،مەترسی بوون بۆ سەر بەرژەوەندی ئیمپریالی لە كەنداو،گەرەنتی گەیشتنی نەوتیشی بۆ ڕۆژئاوا دەكرد،بەو نرخەی خۆیان بڕیاریان لەسەر دەداو ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەكەی كەرەستەكە نەبوون (الحمداني،٢٠٠٨:٢٩٦) . بەتایبەتی لاوازبوونی عێراق، ئەوا بە درێژمەودا خزمەتی بەرژەوەندی ئەمریكای دەكرد،چونكە بەغدا چارەسەری ئاشتیيانەی عەرەبی–ئیسرائیلی ڕەتدەكردەوە،داوایكردنەوەی بەرەكانی دژ بە ئیسرائیل دەكرد،ئەمەش مەترسی بۆ سەربەرژەوەندی ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەكرد (صبح،٢٠٠٦:١٦٣) .

بەشێك لە ئەمریكییەكان پێیانوابوو جەنگی عێراق لە بەرانبەر ئێراندا،گوشارەكان بۆ تاران زیاتر دەكات ئەمە وادەكات پێداچوونەوەی بە سیاسەتەكانی بكات لە بەرانبەر ئەمریكاو ناوچەكە (تهامی،١٣٨٠:١٠٦) ئەمریكا هەوڵی دەدا شۆڕشی ئیسلامی گۆشەگیربكات و بیڕوخێنێت، بەرپاكردنی ئەو جەنگەی نێوان عێراق- ئێران ئەو بەرپرسیاریەتی ئەمریكا سووكتر دەكرد،بەتایبەتی نەیدەخواست ڕاستەوخۆ بچێتە نێو جەنگی دیكەوە، گەلی ئەمریكاش ئەمەی قبوڵ نەدەكرد چونكە تا ئەو كاتە لەژێر كاریگەری جەنگی ڤێتنام دابوو لەگەڵ ئەوەی ئەم جەنگە توانای هەردوو وڵاتی لەبەین دەبرد (صبح،٢٠٠٦:١٦٣) . ئەمریكا پێیوابووعێراق باشترین وڵاتە سیاسەتەكانی لە ناوچەكەدا جێبەجێبكات،بەتایبەتی لەبەرانبەر ئێراندا (تیمرین، ١٣٧٦:١٦٦) . ئەمریكییەكان لایانوابوو ئەگەر عێراق سەربكەوێت ئەوا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

نائارامی باڵ بەسەر ئێران دەکێشێت و حکومەت هەڵدەوەشێتەوە،بەمەبەش حکومەتی نزیک لە ڕۆژئاواو ئەمریکا پێکدەهێنرێت (درودیان،١٣٨٨:٢٢) . لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا وەفیق سامەڕائی دەڵێت"سەدام حوسێن بەشێوەیەکی سەرەکی کاری لەسەر ئەوە دەکرد نهێنییەکان بەنهێنی بمێننەوە،بەدرێژایی جەنگ هیچ هاوئاهەنگییەکی ئۆپەراسیۆنی لەگەڵ هیچ لایەنێک نەبوو لە وڵاتانی عەرەبی و ناعەرەبی") BBC العربي،برنامج حرب العراق وايران) .

جیمی کارتەر لە یاداشتەکانی باسی ئەوەیکردووە هێرشەکە هیچ پاساوێکی نەبوو،پەلاماری عێراق یەکێک بوو لە هۆکارە سەرکییەکانی ڕێگرتن لە پێشوەچوونەکان لەبارەی دۆسیەی بارمتەکان،هەندێک لە ئێرانییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد،سەدام حوسێن پشتوانی ئەمریکای هەیە،بەڵام بۆ ئەوکات ئەمە ڕاست نەبوو، بەڵام کاتێک ڕۆناڵد ڕێگن بووە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٩٨١-١٩٨٩) لە ڕووی دیپلۆماسییەوە دانی بە ڕژێمی عێراقی دانا و هاوکاری کەلوپەلی جەنگی کرد (کارتر،٢٠١٣:٦١٤) . لە کاتێکدا تورنرStansfield Turner،سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) ،جیمی کارتەری لەوە ئاگادارکردەوە عێراق پلانی هێرشکردنە سەر ئێرانی هەیە،ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر ڕای وابوو،ئیدارەی کارتەر لەگەڵ سعودییە هاوبۆچوون بوون لە پشگیریکردنی بڕیاری عێراق لە هێرشکردنە سەر ئێراندا (Ganji,2006: 199) . لەسەرەتای بەرپابوونی ئەو جەنگەو لەمیانەی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە وتارێکدا لە لۆس ئەنجلس جیمی کارتەر ڕایگەیاند،خوازیارە جەنگی عێراق و ئێران،پرۆسەی ئازادکردنی بەرمتەکانی خێراتر بکات،ئەمریکا چاوەڕێییە ئەو جەنگە وا لە ئێران بکات پێویستی ئامێرو کەرەستەی یەدەگ بێت ناچاربێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی،مەرجەکانی ئەمریکا پەسەند بکات و بارمتەکان ئازاد بکات) عەبدوڵلا،٢٠١٣:٤٤٤) .

جەنگی عێراق-ئێران لەو کاتەدا مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا لە کەنداو دروست نەکردبوو،بەڵکو بەپێچەوانە دۆخێکی دروستکرد،باشتر خزمەتی بەرژەوەندی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دەکرد هەموو توانای ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بوونی سۆڤیەت و ئەگەری فراوانخوازی لە ناوچەکەدا بەهێزتر دەکات (مقلد،١٩٨٤:١٩٨) . بەرپابوونی جەنگ کاریگەری لەهەمبەر ناسەقامگیری ناوچەکە هەبوو،نرخی نەوتی بەرزکردەوە،ئەمەش کاریگەری نەرێنی بۆ سەر ئابووری ئەمریکا لێکەوتەوە، بووەهۆی کورتهێنانی گەورەی دارایی (Stein,1999:263) . جیمی کارتەر دەڵێت لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٨٠دا کێشەیەکی گەورە لەسەر سنووری ئێران-عێراق ڕوویدا هێرش و دژەهێرش کرایە سەر پاڵاوگەوی نەوتی هەردوو وڵات هێرشی ئاسمانی کرایە سەر عێراق،هەردوو وڵات کاروانی نەوتیان بە ڕێگەی کەنداو ڕاگرت،تەنیا لە عێراقدا ڕۆژانە ٣ ملیۆن بەرمیل بوو،بەمەبەش خستنەڕووی نەوت لە جیهادا کەمیکرد) کارتر،٢٠١٣:٦١٤) . عێراق ڕۆژانە نزیکەی ٣ملیۆن ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەناردە دەکرد بۆ ٧٠٠ تا ٩٠٠ هەزار کەمبوویەوە (٥) . جیمی کارتەر لە ١٦ تشرینی یەکەمی ساڵی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

١٩٨٠ ئاماژە بەوەدەكات بەهۆی لە دەستدانی سامانە نەوتییەكانی هاتوو لە ئێران و عێراق نرخی نەوت بەرزبووە،ئەمەش كاریگەری توندی كردە سەر ئەمریكاو ولاتی دیكە، لە ئەنجامی ئەمەدا تێكڕای هەڵاوسان زۆر بەرزبووە تێكڕای سوو بۆ كۆنترۆڵكردنی بەرزبووەوە لە هەمان كاتدا بێكاری لە كەمتر ٦% لە ساڵی ڕابردوو بۆ ٧.٥% بەرزبووەوە. لەبەر ئەنجامدا ئابووری لە دۆخێكی باش نەبوو ئەمەش فاكتەرێكی دیكە بوو وایكرد هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن شەڕێكی سەخت بێت (كارتر،٢٠١٣:٦٢٢) . لە ساڵی ١٩٧٨ ناوچەكە ڕۆژانە نزیكەی ٢٠ ملیۆن نەوتی بۆ بازاڕەكانی جیهان دابیندەكرد كەچی لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ نزیكەی ٦. ٤ ملیۆن بەرمیل كەمبووەوە ( Yapp,1996:431-432 ) .

ولاتانی كەنداو ئەگەر چی لە دەستپێكی جەنگدا بێلایەن بوونی خۆیان ڕاگەیاند، بەلام لە ڕووی لۆجستی و داراییەوە هاوكاری سەدام حوسێن- یانكرد (Owen,1988:171؛ Allawi,2007:35؛al-Alkim,1994:106-107 ) لەساڵی ١٩٨١دا ٢٤ بلیۆن دۆلار هاوكاریان پێدا لەكۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا،ئەو هاوكارییە داراییانە ڕاستەوخۆ دەدرانە عێراق بە ٣٠ بۆ ٤٠ بلیۆن دۆلار مەزەندە دەكرێت (Amineh, 2007:157 ؛Marschal,2003:71 ) سعودیە و كوێت زیاتر لەهەر ولاتێكی ئەندام لە ڕێكخراوی ئەنجوومەنی هاوكاری كەنداو (٦) ، ترسیان لە ئێران هەبوو ئەمە وێڕای هاوكارییەكانی ولاتانی ڕۆژئاوا بۆ عێراق (Owen,1988:171) . ئەو هاوكاریانەی ولاتانی عەرەبی و هاوپەیمانەكانی ئەمریكا داویانەتە عێراق بێگومان بەبێ ئاگاداری ئەمریكا نەبووە (عزەتی،٢٠١٣:١٠٧) . جگە لەمەش ئەلیكسەندەر هیگ كە وەزیری دەرەوەی ئیدارەی ڕۆناڵد ڕێگن بوو ئاماژەبەوەدەكات كارتەر لە ڕێگەی شای سعودیەوە گڵۆپی سەوزی بۆ سەدام حوسێن هەڵكرد بۆ هێرشكردنەسەر ئێران (Ganji,2006:199) . لە مانگی ئابی ١٩٨٠ لە شاری تائیف دا شافەهد، سەدام و هێنری كیسنجەر كۆبوونەوەو سەدام بڕیاری جەنگی دا) عەبدوڵڵا،٢٠١٣،ل ل٤٣٨-٤٣٩) . ئەمریكا لەساڵی ١٩٨١ بۆ یەكەمین جار فڕۆكەی هەواڵگری ئەواكسی دایە سعودیە، لە ڕێگەی ئەو فڕۆكەیەوە زانیاری هەواڵگریش لەبارەی بەرەكانی جەنگەوە دەدرایە عێراق (New York Times, 16 December 1986. ) . بێگومان ئەمەش بە ئاگاداری ئەمریكا بووە، بەتایبەتی ستافی ئەو فڕۆكەیە ئەمریكی بوون.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## پەراوێزەکان

(١) – بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ململانێی عەرەب ئیسرائیل و کاریگەرییەکانی بەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا لەو قۆناغەدا بڕوانە: (الذويب،مجلة جامعة الانبار، العدد الثانی،٢٠١٠،ص ١٥٨) .

(٢) –بۆ زانیاری لەبارەی نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بڕوانە:

C. I. A) , The Implicatinon of the Iran–Iraq Agreement, secret Dci/Nio 1039–75,1 may 1975, the ) national security Archive؛ محمد، ٢٠٠٦) ،

(٣) –لەکۆتایی مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨دا، سەرکردەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە بەشداری جیمی کارتەر سەرۆکی ئەمریکا لە کۆنگرەیەکدا، لە دوورگەی گوادەلوپ لە دەریا کاریبی، بە دوورودرێژیی باسی دۆخی ئێرانیان کرد، بەشداربووان گەیشتنە ئەو بۆچوونەی پێویستە شا ئێران بەجێبهێڵێت، ولیەم سولیڤان، باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران ڕایگەیاندووە بەشداربووان گەیشتنە ئەوەی، شا ناتوانێت بەرژەوەندی ڕۆژئاوا لە ئێران و، کەنداو بپارێزێت، ناتوانێت لە فەرمانڕەوایەتیکردنی وڵات بەردەوام بێت. (فرهند،١٩٨٤:١٥٦) . جێگەی ئاماژەیە شای ئێران لەو کاتەی لە نەخۆشخانەیەکی قاهیرە لەسەر جێگای مردن بوو لەساڵی ١٩٨٠، پەیامنێری نیوزویکی ئەمریکی پرسیاری ئەوەی لێکرد، بۆچی ئێرانت بەجێهیشت، ئەویش لە وەڵامدا ئەمریکای بەوەتۆمەتبارکرد کە هاوپەیمانی لەگەڵ خومەینی کردووە لە دژی شیوعییەکان لە ناوچەکەدا. (محمد، ١٩٨٧:٨١– ٨٢) .

(٤) – محەممەد باقر سەدر لە ساڵی ١٩٣٥ لە لە کازمییە دایک بووە، مەرجەعێکی ئایینی شیعەو بیرمەندێکی ئیسلامی عێراقی بوو، دیارترین دامەزرێنەی حزبی دەعوەی ئیسلامی بوو، لە ساڵی ١٩٨٠ بەتۆمەتی بەکرێگیراوی و سیخوری کردن بۆ ئێران لەلایەن سەدام حوسێن لە سێدارەدرا. محمد باقر الصدر, https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF_%D8%A8%D8%A7%D9%82%D8%B1_%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AF%D8%B1.

(٥) –کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی هەناردە کردنی نەوت هەبوو، لەوانە تێکشکاندنی سەکۆنەوتییەکانی عێراق لە سەر شەتولعەرەب، داخستنی ڕێگای هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە کەنداو و لە ڕێگەی سووریا لەلایەن ڕژێمی سووریا لە ساڵی ١٩٨١دا، ناسەقامگیری ناوچەکە، ئەوەی ماوەبووە زیاتر هێڵی گواستنەوە و هەناردەکردنی نەوت بوو بە ڕێگای تورکیا (Owen, 1988: 171) .

(٦) –ڕێکخراوی ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداو، لە ٢٥ی ئایاری ساڵی ١٩٨١ دامەزرا، ڕێکخراوێکی نوێی هەرێمیی ئەمنی بوو زیاتر، بە ماوەیەکی کەم دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق– ئێران دامەزرا، شەش وڵاتی کەنداو ئەندامی بوون کە بریتین لە: سعودیە، کوێت، عومان، قەتەر، بەحرێن و ئیمارات، جێگەی ئاماژە بۆ کردنە سعودیە لە هەمووان زیاتر باڵا دەست بوو. عومان هەڵوێستی جیاوازتری هەبوو،هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئێران دامەزراندبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( al–Alkim, 1994. Amineh, 2012:96) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# The Position of Jimmy Carter's Administration about Iraq-Iran war in 1980

## A Historical and Political Research

**Nihro Mohammed Abulqader**

Social Sciences Department, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** Nihro.abdulqader@su.edu.krd

**Khaleel Ali Murad**

Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, , Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** khaleel.murad@su.edu.Krd

**Abstract:**

Following the demise of the Shah regime, Saddam Hussein capitalized on the deteriorating situation of Iran to attack the country in a bid to achieve a set of goals. He never thought that the war would last eight years. Before Iraq kicked off the conflict, Saddam and other Iraqi leaders had apparently gathered with American officials in Jordan. It is highly likely that Saddam declared war on Iran with the consent of the USA, though both sides categorically have rejected such accusations. Saddam seized the fallout of Iran-US relations to introduce himself as the guard protecting America's interests. Even if the US was not responsible for the ignition of the war, it liked it as Iran at the time had American hostages behind its bars, a crisis which emerged in November 1979. In the meantime, the new Iran emerged to portrait itself as a major foe of the US. Though Jimmy Carter chose neutrality amidst the conflict, it asked for an immediate pause. The equation, however, turned up side down soon after Washington started to assist Iraq. One indication is that, two months before the war started, Baghdad and the US had decided to normalize ties, .but announcing it was delayed as the war had been looming in order to avoid miscalculations from other sides

Through the war, the US wanted to destroy the infrastructure of both sides in order to cripple them from emerging as two powerful regional states. Through third parties, Washington was selling arms to both sides. The US had even warned Iran of Iraq's military attack plan. The age of Carter's age came to an end shortly after the war began when he lost the elections to Ronald Reagan and that a new administration took office in January 1981.

**Key Words:** Iraq, Iran, USA, War, Jimmy Carter, Saddam Hussein.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020**

## سەرچاوەكان


Central Intelligence Agency (C. I. A) , The Implication of the Iran-Iraq Agreement, secret Dci/Nio 1039-75,1 May 1975, the national security Archive .

Central Intelligence Agency, Iran- Iraq DE terming Who Stared the Iran-Iraq War, 25 November 1987, Washington D. C m20205 .

Memorandum of conversation (Sadun Hamadi) Minster of Foreign Affair of Iraq, (Hennry Kissinger) Secretary of State, Paris, 17 December, 1975 .

FOREIGN RELATIONS OF THE UNITED STATES, 1969–1976 VOLUME XXIII, ARAB-ISRAELI DISPUTE, 1969–1972, DEPARTMENT OF STATE Washington , United States Government Printing Office Washington 2015.

FOREIGN RELATIONS OF THE UNITED STATES,1964-1968, Vol. XXI, United States Government Printing Office ,Washington, 2000.

FOREIGN RELATIONS OF THE UNITED STATES, 1969–1972 DEPARTMENT OF STATE ,VOLUME XXIII, United States Government
Printing Office ,Washington ,2015.

DEPARTMENT OF STATE ,In the house of Representative, The Kurds in Iraq, July 11, 1974 .

چاوپێكەوتن (٨-٥-٢٠١٩) لەگەل دكتۆر مەحمود عوسمان هەولێر.

چاوپێكەوتن (١٣-٥-٢٠١٩) بە تەلەفۆن لەگەڵ وەفیق سامەرائی هەولێر- لەندەن .

الكاشف، حسام ، (٢٠١٦) ، بیرەوەرییە تایبەتیەكانی سەدام حسێن، سەدام وئیمپراتۆریێتەكەی/ رۆڵی مۆساد لە تیابردنی سەدام حسێن و هەنگاونان بۆ دروستكردنی دەوڵەتی پشت ئامانج، وەرگێڕانی: گەرمیان محەمەد، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

ئینتیسار، نادری، (٢٠٠٣) ، ئتنۆ نەتەوایەتی كورد، وەرگێڕانی: عەتا قەرەداغی،چ١، چاپخانەی قانع، سلێمانی،.

حسین،صدام، (١٩٨٣) ، دەربارەی جەنگی نەمری خۆماڵی كردن دەدوێت، دەقی وتارە مێژوویی یەكەی هاوڕێ صدام حسین لە-١-ی حوزیرانی ١٩٧٣ لە رۆژنامەی "الثورة"دا، چ١، دار الحرية للطباعة-بغداد،.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خەلیل زاد، زاڵمای، (٢٠١٩) نێردە/ گەشتەکەم لە جیهانێکی پرگێژاو لە کابول بۆ کۆشکی سپی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: زانەر محمد، خانەی چاپ بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

دیشنەر (د) ، گوینتەر، (١٩٩٩) ، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراو، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی: عەبدولسەلام بەرواری، بۆ کوردی :حەمەکەریم عارف، چ٢،هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول، ڕاپۆرتی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتی کاتی، کە لایەن کۆنفرانسی پارتی لە ١١-١٥ی ئابی ساڵی ١٩٧٦ پەسەندکراوە.

ساڵح،گۆران ئیبراهیم، (٢٠١٣) ، دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراقدا ٦/ ئازاری ١٩٧٥-٢/ئابی ١٩٩٠، چ١،هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات.

عەبدوڵڵا، فەریدوون عەبدولڕەحیم، (٢٠٠٨) ، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤،هەولێر، چاپخانەی منارە.

عەبدولقادر، نازناز محەمەد، (٢٠٠٨) ،سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی رزگارخوازی کورد لە عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٥، چ١،هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

عەبدوڵڵا، هاوار کەمال میرزا، (٢٠١٣) ،سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە سەردەمی ئیدارەی جیمی کارتەر ١٩٧٧-١٩٨١ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە) ، چاپی یەکەم،سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

عزەتی (دکتۆر) ،عزەت اللەی، (٢٠١٣) ، کوردستان لە لێکۆڵینەوەی جیوپۆلەتیکی ئێران و عێراقدا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: هاوڕێ یاسین محەمەدئەمین، پێداچوونەوە: د. جەزا تۆفیق تاڵیب، چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

کۆگلن، کۆن، (٢٠١٤) ، صدام وژیانی نهێنی، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، چاپی سێیەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات.

کۆچێرا، کریس، (٢٠٠٧) ، کورد لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا ، وەرگیڕانی: حەمە کەریم عارف، هەولێر، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاوێر.

نورەدینی، عومەر، (٢٠٠٣) ،سیستمی نوێ ی جیهانی و دۆزی کورد کوردستانی عێراق وەک نمونە،چ١، (هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ابو غزاله،المشير عبدالحليم، (١٩٩٤) ،الحرب العراقية الايرانية ١٩٨٠- ١٩٨٨، بدون مكان الطبع.

التكريتي، برزان ، (١٩٨٢) ،الصراع الدولي في منطقة الخليج العربي و المحيط الهندي وتاثيره على اقطار الخليج العربي، بغداد) .

الحمداني، حامد، (٢٠٠٨) ، احداث في ذاكرتي، السويد،دار النشر فيشون ميديا.

الذويب، جمال هاشم، (٢٠١٠) ، سياسة الويلايات المتحدة يجاه العراق في عهد الرئيس عبدالرحمان عارف ١٩٦٦-١٩٦٨، مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية، العدد الثانى.

القصاب،عبدالوهاب، (٢٠١٤) ،الحرب العراقية- الايرانية ١٩٨٠-١٩٨٨ قراءة تحليلية مقارنة في مذكرات الفريق الاول الركن نزار عبدالكريم فيصل الخزرجى،الطبعة الاولى،بيروت، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات.

الشحف (د) ، فريد حاتم، (٢٠٠٥) ، العلاقات الروسية- الايرانية و اثرها على الخريطة الجيوسياسة في المنطقة الخليج العربي و منطقة اسيا الوسطى و القفقاز، الطبعة الاولى،سوريا، دار الطليعة.

العلوان،شريف جويد، (١٩٧٨) ، السياسة الخارجية الاميركية و ازمة الشرق الاوسط ١٩٦٧-١٩٧٣، مطبعة المعارف، بغداد.

المشاط،محمد، (٢٠٠٨) ، كنت سفيرا للعراق في واشنطن حكايتي مع صدام في غزو الكوت، الطبعة الاولى، (بيروت، المؤسسة العربية للدراسات و النشر.

ايک،ديفيد، (٢٠١٧) ،اليات المؤامرة الكونية لتركيع شعوب العالم، ترجمة مصطفى احمد الشخب، ط١، دمشق- القاهرة ، الدار الكتاب العربي.

باجلان، يونس، (٢٠١١) ،الانتفاضة العراقية و الموقف الامريكي منها، الطبعة الثانية،المركز التقني في بغداد، بغداد.

بارزانى،عزيز حسن، (١٩٩٨) ،الولايات المتحدة الامريكية و المسالة الكوردية في العراق ١٩٦١-١٩٧٥، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين.

بارزي، تريتا، (٢٠٠٨) ،حلف المصالح المشتركة ( التعاملات السرية بين اسرائيل و ايران و الولايات المتحدة، ط١،بيروت، دار العربية للعلوم.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

بن حثلين،نايف، (٢٠١٣) ، صراع الحلفاء السعوديةو الولايات المتحدة الاميركية منذ ١٩٦٢، ترجمة: احمد مغربي، الطبعة الاولى،بيروت–لبنان، دار الساقي.

بينغيو، اوفرا، (٢٠١٤) كرد العراق بناء دولة داخل دولة، ترجمة: عبدالرزاق عبدالله بوتاني، الطبعة الاولى، دار الساقي بالاشتراك مع دار اراس للطباعةو النشر، بيروت–اربيل

.

حسين،صدام، (١٩٨١) ، العراق والسياسة الدولية، بغداد، دار الحرية للطباعة.

حسين،عدي صدام، (١٩٩٨) ،عالم مابعد الحرب الباردة دراسة مستقبلية، رسالة دكتوراه، كلية العلوم السياسية–جامعة بغداد.

خاروداكي،ماريانا، (٢٠١٣) ، الكردو السياسة الخارجية الاميركية العلاقات الدولية في الشرق الاوسط ١٩٤٥، ت: خليل الجيوسي، ط١،دار الفاربي–بيروت و دار اراس للطباعةوالنشر– اربيل.

ديب (د) ، كمال، (٢٠٠٣) ، زلزال في ارض الشقاق العراق ١٩١٥– ٢٠١٥، تقديم:د. جورج قرم، ط١، ( بيروت،لبنان، دار الفارابي.

سالينجر، بيار و اريک لوران، (١٩٩١) ، حرب الخليج الملف السري، الطبعة الاولى،بيروت–لبنان، دار ازال للتوزيع و النشر.

كارتر، جيمي، (٢٠١٣) ، مذكرات البيت الابيض، ترجمة: سناء شوقي حرب، الطبعة الثانية،بيروت– لبنان، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر.

شريف (د) ،حسين، (٢٠٠٣) ، ينابيع المعرفة في السياسة الدولة المعاصرة من الحرب العالمية الثانية الى غزو العراق ١٩٤٥– ٢٠٠٣، الجزء الثاني،القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

شريف (د) ،حسين، (٢٠٠١) ،الولايات المتحدة من الاستقلال و العزلة الى سيادة العالم ( ١٧٨٣– ٢٠٠١) ، ج٣،القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

صبح (د) ،علي، (٢٠٠٦) ، النزاعات الاقليمية في نصف قرن ١٩٤٥– ١٩٩٥، الطبعة الثانية، لبنان–بيروت، دار المنهل اللبناني.

عقراوي،شكيب، (٢٠٠٠) ، سنوات المحنة في كردستان ١٩٥٨–١٩٨٠،ط١، اربيل، مطبعة منارة.

عيسى (د) ،حامد محمود، (١٩٩٢) ، القضية الكردية في تركيا، ط٢،قاهيرة، مطبعة مدبولى.

كالرك، رامزي، (١٩٩٣) ، النار هذه المرة جرائم الحرب الأميركية في الخليج، ترجمة: مازن حماد، (الشركة الاردنية للصحافة والنشر "الدستور"،عمان .

فرهند، مهربان، (١٩٨٤) ، الثورة المسروقة في ايران، ترجمة: مركز البحوث، بغداد.

مجموعة من الباحثين العرب، (١٩٩٣) ، اسرار التسليح العسكري في العراق منذ ١٩٦٨ الفضائح والاحتيالات،منشورات دار الابحاث و الدراسات العربية،لندن.

محمد (د) ،علي سبتي، (١٩٨٧) ، دراسات في الحرب العراقية الايرانية،بغداد، دارالحرية للطباعة.

محمد،فلاح خلف،(٢٠٠٦) ،اتفاقية جزائر ١٩٧٥ مقدماتها ونتائجها، رساله ماجستير غير منشورة،بغداد، جامعة المستنصرية.

مەحمود،ريبوار كەريم، (٢٠٠٧) ، العلاقات العراقية- الامريكية منذ عام ١٩٨٩و افاقها المستقبلية،مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية- سليمانية.

مقلد (د) ، اسماعيل صبري، (١٩٨٤) ، امن الخليج و تحديات الصراع الدولي/ دراسة للسياسات الدولية في الخليج منذ السبعينات، الطبعة الاولى،الكويت، شركة الربيعان للنشر و التوزيع.

مليحة،نبيلة محمود ذيب، (٢٠١٢) ،السياسة الامريكية تجاه ايران ١٩٤٥-١٩٨١، رسالة ماجستير، قسم التاريخ و الاثار في كلية الاداب، جامعة الاسلامية بغزة-فلسطين.

موراي، وليامسون و روبرت هـ سكايلز جونيور، (٢٠٠٥) ،حرب العراق/ تاريخ عسكري ميداني يومي، الطبعة الاولى،الدار العربية للعوم، بيروت.

Al-Alkim, Hassan Hamdan,) 1994، ( The GCC States In An Unstable World – foreign Policy Dilemmas of Small States , London ,Saqi book.

Allawi,Ali A. , (2007) ,The Occupation of Iraq/ Winning The War Losing The Peace,Yale University Press New Haven and London,.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

Amineh, M. Parvizi, ( 2007) ,The Greater Middle East in Global Politics- Social Science Perspectives on the Changing Geography of the World Politics, Leiden- Boston, Koninkijke Brill.

Anderse, Roy R. , Robert F. Seinert and Jon G. Wagener, (2012) ,Politics and Chang in the Middle East- Sources of conflict and Accommodation, Tenth Edition, (Boston, Longman-Pearson Education.

Baram, Amatiza and Barry Rubin, (1993) ,Iraq's Road to war, (New York, St. Martin's Press.

Clark, Richard A. , (2004) ,Against All Enemies Inside Americas War on Terror, New York, Free press.

Cooley, John K. , ( 2005) ,Alliance against Babylon the US, Israel and Iraq, 1st Published, (London, Pluto Press.

Crist, David, (2012) ,The Twilight War The Secret History of America's Thirty Year Conflict With Iran, 1st Published, Penguin Press, New Yor,.

Galbraith, Peter W. , ( 2007) The End of Iraq,London ,Pocket Books ACBS Company.

Fawn, Rick and Raymond Hinnebusch, ( 2006) ,The Iraq War/ Causes and Consequences. London ,Lynne Rienner Publishers,

Ganji, Babak, ( 2006) ,Politics of Confrontation/ the Foreign Policy of the USA and Revolutionary Iran, (London, Tourist Academic Studies.

Helms,Christine M. , ( 1984) , Iraq Eastern Flank of the Arab World, Bookings Institute, Washington D. C.

Kenneth R. Timmerman, (1992) ,The Death Lobby; How the West Armed Iraq, (London, Fourth Estate.

Kiely, Patrick, (2009) ,Iraq and Balance of Power 1969-1979/ American and Iraq, contemporary Security studies,USA.

Lafeber, Walter, ( 2008) ,America, Russia and the Cold War, Tenth Edition,Boston, Mc Craw Hill. .

Marsha, Christin, ( 2003) ,Iran's Persian Gulf Policy From Khomeini to Khatami, London and New York, Routledge.

McCormick, Thomas J. , ( 1995) ,Americas Half-Century- United States Foreign Policy in the Cold War and After, Second Edition,Baltimore and London,The Johns Hopkins University Press.

Mounir A. Farah and Andrera Bernens Karls, ( 1977) ,Worlds History, McGraw-Hill, NewYork.

Owen, Roger and Sevkent Pamuk, (1988) ,A History of Middle East Economies in The Twentieth Century ,London, I. B. Tauris.

Parsi, Trita, Treacherous Alliance The Secret Dealing Of Israel, Iran, United States. Yale University Press-New Haven and London. 2007

Pelletiere, Stephen C. , (1992) ,The Iran-Iraq War: Chaos in a Vacuum ,New York Westport, Connecticut London, Praeger.

Razoux, Pierre, (2015) ,The Iran-Iraq War , (United States Harvard College.

Shemes, Haim, (1992) ,Soviet- Iraq relations 1968-1988 in the shadow of Iraqi- Iran conflict, ) Lynne Rienner publishers, Bounder and London.

Smith, Besty Covinton, (1986) ,Jimmy Carter President,Walker and Company New York.

Smolansk,Oles MAE with Bettie Smolansky, (1991) The USSR and Iraq- The Soviaet Quest for infulance, ( Duke University press Durhan and London.

Stein, Kenneth W. , (1999) , Heroic Diplomacy- Sadat , Kissinger, Carter, Begin and the Quest For Arab-Israeli Peace,New York- London, Routledge.

Yapp, M. E. , (1996) ,The Near East Since The First World War A History to 1995, Second Edition,UK ,Longman-Pearson Education.

Yetiv, Steve A. , (2008) ,The Absence of Grand Strategy The United States in The Persian Gulf 1972-2005, (USA, The Johns Hopkins University Press.

تهامی، سید مجتبی و گل محمد بهمنی وفتح ا. . رسولی، (١٣٨٠) ،سیاست امریکا در قبال ایرانگی دوره جنگ تحمیلی،تهران، مرکز اسناد و تاریخ دیپلماسی انتشارات وزارت امور خارجه.

تیمرین، کنت ار. ، (١٣٧٦) ،سوداگری مرگ ناگفته‌های جنگ عراق با ایران، ت: احمد تدین، چ٢، تهران، مؤسسه فرهنگی رسا.

جردن،همیلتون، (١٣٦٣) ، بحران اخرین سال ریاست جمهوري كارتر، ترجمه: محمود مبنا، چ٢،تهران، نشر نو.

خمينى،روح الله، (١٣٩٣) ،صحيفەى امام ( مجموعة اثار امام خميني- فروردين ١٣٦٧- اريبهشت ١٣٦٨) ،تحقيق: انتشارات مؤسسه تنظيم و اثار امام خمينى، ج١٣،تهران،انتشارات مؤسسه تنظيم و اثار امام خمينى.

درودیان،محمد و اغاتاپان، (١٣٨٨) ،سيرى درجنگ ايران و عراق،چ٨،تهران، مركز مطلعات و تحقيقات جنگ.

سەتلانى،فرهاد درويشى، (١٣٩٣) ،تجزيه و تحليل استراتيجى نڤامى عراق در جنگ با جمهورى اسلامى ايران (١٣٥٩-١٣٦٧) ،تهران، انتشارات دفتر اسناد و تحقيقات دفاع مقدس- سپاه پاسداران انقلاب اسلامى.

نوازى (د) ،بهرام، (١٣٨٣) ، الگوهاى رفتارى ايالات متحدة امريكا درويارورى با جمهورى اسلامى ايرانى (١٣٥٧- ١٣٨٠) ،تهران، مركز اسناد انقلابى اسلامى.

خليل علي مراد، (١٩٨٢) ،الولايات المتحدة، نفط، وامن الخليج العربي في السبعينات، الخليج العربي" المجلة"، المجلد ١٤، العدد (١) .

المنار "مجلة"، (١٩٨٥) ،تقرير خاص فرنسا في الحرب العراقية-الايرانية و اختياراتها الستراتيجية، العدد (٩) ، السنة الاولى، ايلول.

المختار, صلاح، (١٩٨٠) ، لماذا دعمت اميركا خميني؟، الثورة، العدد (٣٨٢٩) ، الخميس٢٠ تشرين الثاني.

الجمهورية، (١٩٧٨) ،العدد (٣٣٧٤) ، ١٣ ايلول.

الثورة، (١٩٨١) ،العدد (٣٥٨٩) ، ٢١ اذار.

الثورة، (١٩٨٠) ،العدد (٣٦١٠) ، الخميس١٠ نيسان.

الثورة، (١٩٨٠) ،العدد (٣٨٢٩) ، الخميس٢٠ تشرين الثاني.

New York Times, (1970) ) ،March 13

New York Times, (1986) ,16 December.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

BBC العربي، برنامج حرب العراق وايران – ماذا حدث – تفصيلات وتفسيرات واسرار

https://www.youtube.com/watch?v=DUXxus0En_k, (ڕێككەوتی سەردانیكردن،٢٠١٩/٣/٢٠) .

هيكل, محمد حسنين، برنامج المصير، قناة الجزيرة. , (ڕێككەوتی سەردانیكردن،٢٠١٩/٤/٢) .

https://www.youtube.com/watch?v=dmFoGZrd58A

https://www.youtube.com/watch?v=QQExirWtdNM، https://www.youtube.com/watch?v=3i4wXxRDzsU

حەمدانی،فەریق ڕەعد مەجید، چاوپێكەوتن لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئارتی رووسیا. خفايا الحرب العراقية الإيرانية. (ڕێككەوتی سەردانیكردن، ٢٠١٩/٤/٣) .

https://www.youtube.com/watch?v=71LZjOrbfFY

الصدر، محمد باقر

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF_%D8%A8%D8%A7%D9%82%D8%B1_%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AF%D8%B1 ( ڕێككەوتی سەردانیكردن ٢٠١٩/٩/٢٠)



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020**